# بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە


لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:


- هەڵمەتی ڕووبەڕووبونەوەی توندوتیژی بەکام پەیام................ل3
- هەنگاوە پێویستییەکان بۆ دەسەڵاتداریتی شورایی.................ل6



ساڵی چوارەم ژمارە(92) بەرواری 15–2–2021 | بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە | مانگی دووجار، لە (١)و (١٥) هەموو مانگێکدا دەردەچێت


# ١٧ شوبات ئەزمونێکی گرنگ لە ڕاستای ڕامالێنی دەسەڵاتی بۆرژوازیدا!

١٧ شوباتی ساڵی ٢٠١١، بڕگەیەکی گرنگ لە بزوتنەوەی نارەزیەتی جەماوەری لە دژی دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردە. بزوتنەوەیەک کە بۆ یەکەمین جار بە ئیلهام وەرگرتن لە شۆڕش و ڕاپەرینەکانی دنیا عەرەب، بە دژی نابەرابەری ئابوری و دزی و گەندەڵی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد خۆی نمایش کرد. هاوکات سەرەتای بزوتنەوەیەک بوو بۆ ڕامالێنی دەسەڵاتە دیکتاتۆر و بۆماوەیەکان لەلایەن چینی کرێکار و جەماوەری بێبەشی ئەو وڵاتانەوە، کە توانی چەند ڕژیمیکی دیکتاتۆر یەک بەدوای یەکدا بخات و بۆ جارێکی تریش ئیدە شۆرش و شۆرشکردن بکاتەوە بە پرسی رۆژ.

ئەم نمایشی نارەزایەتییە جەماوەریەی لە ١٧ شوباتی ٢٠١١ لەشەقامدا دەکەوت، درێژەی ئەو خۆپیشاندان و نارەزایەتییە جەماوەریەی پیشووتری خەڵکی کوردستان بوو، کە بەدوای روخاندنی دەسەڵاتی بەعسەوە لە زۆرێک لەشارەکانی کوردستاندا روویاندا، لەدرێژەی نارەزایەتی و تورەیەکدا بوو کە مۆنیمێنتی هەڵەبجەی ئاگردا.

بۆ لاپەڕە 2

## گیراوەکانی هەولێر و بادینان و تۆمەتی سەرۆك پێش دادگایی!




نزیکەی شەش مانگە بەسەدان کەس لەلایەن هیزە ئەمنیەکانی پارتییەوە رفێنران و دەستگیر کراون. ئەم دەستگیرکراونە پیکهاتوون لە مامۆستا، رۆژنامەنووس، چالاکوانی مەدەنی، رابەران و هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەی نارەزایەتییە جەماوەریەکان و بەشدار لە خۆپیشاندانەکاندا. هۆکاری دەستگیرکردنی ئەو سەدان کەسە، تەنها و تەنها لەسەر هاتنەمەیدانیان بووە لەپێناو داخوازییە زۆر سادەو رەوکانیان کە داواکاری موچە و نارەزایەتی دەربرین بووە بە لیبرینی موچە....

بۆ لاپەڕە 3

## هێرشی سوپای تورکیا، سەرەتای ئۆپەراسیۆنێکی فراوانتر...



لە ژمارەی پێشووی بۆپێشەوەدا ئاماژەمان بە ئامادەکارییەکان و هەرەشەکانی تورکیا بۆسەر هەرێمی کوردستان کرد و رامانگەیاند کە بەنیازی دەستدانە هێرشێکی ترە،

١٠ ئەم مانگە هێرشێکی سەربازی بۆ سەر چیای گارە لە قولایی پارێزگای دهۆک دەست پێکرد،

بۆ لاپەڕە 3



## کامتان سیخوڕو ئاژاوەگێڕن؟

### وەڵامێک بە مەسرور بارزانی کە خوپیشاندەرانی زیندانی ناوبرد بە سیخور و نۆکەر و ئاژاوەگێڕ ...

**سەردار عەبدوڵا حەمە**

زۆربەی خەڵکی کوردستان و بە تایبەت چاودێرانی سیاسی ئاگاداری کۆنگرە ڕۆژنامە نووسییەکەی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی!! ئێستای هەرێمی کوردستان بوون، سەبارەت بە ڕووداوی دەستگیرکردن وزیندانی کردنی دەیان کەسی رۆژنامەنووس وچالاکوانی سیاسی و مەدەنی بەرهەڵستکار لەلایەن دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان کە لە

بۆ لاپەڕە 4



## چل و دوو ساڵ تیرۆر، ئەشکەنجە، ئیعدام و ڕەشەکوژی

**هەتاو عەبدولاهی**

ساڵی `١٣٥٧ی هەتاوی بەرامبەر بە ساڵی ١٩٧٨ دوای شۆڕش و قوربانی و خەبات و خوێندانی خەڵکی ئازادیخواز و شۆڕشگێڕی ئێران کۆتایی بە دەسەڵاتی زوڵم و زۆری پاشایەتی هات، بەڵام بە داخەوە ڕژیمی ئایینی و مەترسیداری کۆماری ئیسلامی بە سەرۆکایەتی خومەینی، مەلا و جەلادە خوێنڕێژەکەی جەماران کە خۆی بە نوێنەری خوا لەسەر زەوی دەزانی هاتە سەر کار. بەهاتنی کۆماری ئیسلامی و سەپاندنی دەولەتی ئایینی و دواکەتوو بەسەر خەڵک دا هەموو دەستکەوتەکانی

بۆ لاپەڕە 5



## ڤاکسینی کۆڕۆنا ڤایرۆس لە نێوان ئەفسانەو زانستدا

**وەرگێڕان: شوان عەزیز**

ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی لەبەرنامەی "زانست لە پێنج دا " هاتە سەر خەت.

"هەر لەسەرەتاوە کە ڤاکسین لە دژی ئەو کۆڕۆنا ڤایرۆسە کەوتە بازاڕەوە، لەبەرامبەریشدا کۆمەڵێک پڕوپاگەندە لە دژی ئەو ڤاکسینە کەوتە بازاڕەوە لە ڕێگەی سۆسیال میدیاو تەنانەت هەندێک ویبسایتیشەوە. بۆیە ڕێکخراوی تەندرووستی جیهانی هاتە سەرخەت و لە ڕووی زانستیەوە دەستی بە وەڵامدانەوەی ئەو پڕوپاگەندانە کرد. ئەمەی خوارەوە یەکێکە لەو بەرنامانە، و بەپێویستم زانی

بۆ لاپەڕە 6







**هەر یەك لە هاوڕێیان... تاهیر حەسەن، پشدەر محەمەد، هونەر مەولود... سەبارەت بە ململانێی بەغداو هەولێر و ئایندەی ئەو ململانێیە بۆ بۆپێشەوە دەدوێن...ل 10-11-12-13**



**پرسی ژن** ل 7

**گۆشەی ئەدەب و هونەر** ل 8-9

**بەسەرکردنەوەی ئەدیب و هونەرمەندان ل9**

## درێژەی وتەی ژمارە

١٧ شوبات، روداوێک بوو کە بۆیەکەمین جار دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردی لە خەوێکی قوڵی دەسەڵاتی داسەپاوی بێدار کردەوە. وە بۆیەکەمین جار بوو دەسەڵات تەکان بخوات و دەستەو دامێنی جەماوەر بێت، کە دەست ڕابگرن و حەوسەڵە نیشان بدەن. بۆ یەکەمین جار بوو دەسەڵات ناچار بەدەیان بەڵێن ببێت و لەبەرامبەر بە جەماوەردا پاشەکشە بکات و هێزی جەماوەری کوردستان بە فەرمی بناسێت.

١٧ شوبات ڕاستییەکی سەلماند، کە دەرسێکی گرنگ و لە بیرنەکراوە لە بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەیدا، ئەویش ئەوەیە کە دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستاندا، لە رێگای هەڵبژاردنەکان و کایەی بەناو دیموکراسیدا ناتوانرێت هیچ ئاڵوگۆڕیک لە ژیان و گوزەرانی چینی کریکار و بێبەشاندا پێک بهێنێت، بەڵکو ڕێگای داسەپاندنی چاکسازی و ئاڵوگۆر و پاشەکشە بە دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد و سیاسەتەکانی، بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری رێکخراو و لە خوارەوەی جەماوەری بێبەش و ئازادیخوازە.

وا دەساڵ بەسەر خرۆشانی جەماوەری ١٧ شوباتدا، تیدەپەڕیت... لە ماوەی ئەم دەساڵەشدا چەندین شەپۆلی تر لە خۆپیشاندان و نارەزایەتی وەرێخروان، بێ ئەوەی دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی تێپەڕێندرابێت و کەنار خرابێت، بەڵام دەس و ئەزمونەکانی زیندوون و لەراستای ڕماڵینی یەکجاری دەسەڵاتدا، پێویستە بەدەستەوە بگیرێن.

نەبوونی ئاسۆیەکی سیاسی دیاریکراو و سەربەخۆیی چینایەتی، نەبوونی رابەریەکی سیاسی رۆشن، ڕێکخراو نەبوون و تیکەڵ نەبوونی بزوتنەوەی نارەزایەتی شەقام، لەگەڵ بزوتنەوەی کرێکاری و نارەزایەتی شوێنی کار و ژیان... سەرەکیترین ئەو لاوازیانەن کە ڕیگەی لەوە گرت بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری ١٧ شوبات، بەسەرکەوتن بگات.

هیچ بزوتنەوەیەکی سیاسی شۆرشگێرانە، بەبێ ئەوەی هەڵگری ئاسۆیەکی سیاسی دیاریکراو و سەربەخۆیی چینایەتی خۆی بێت، بە سەرکەوتن ناگات. بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری و سەربەخۆی چینایەتی لە پاکیجی سیاسیدا بەرجەستە دەبێت، پاکیجێک کە گرنگترین و سەرەکیترین گرفتەکانی کۆمەڵگە، دەکاتە ئاسۆی زاڵی بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی و چینایەتیەکەی و میکانیزمەکانی دەست ڕاگەیشتیان بۆ دەسازێنێ. چینی کرێکار و جەماوەری بێبەشی کوردستان، لە ١٧ شوباتدا، خاوەنی ئاسۆیەکی سیاسی دیاریکراوی چینایەتی خۆی نەبوو، بژاردە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی خۆی بۆ کۆمەڵگە روون نەبوو، سەربەخۆیی چینایەتی خۆی نەپاراست، لە نەبوونی ئاسۆیەکی سیاسی رۆشنی چینایەتیدا، بزوتنەوە بۆرژوازیەکانی تر لە بەرگی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازیدا، توانیان ئاسۆی سیاسی خۆیان بەسەر بزوتنەوەی نارەزایەتی ١٧ شوباتدا زاڵ بکەن، کە بریتی بوو لە دەست نەبردن بۆ پایەکانی دەسەڵاتی بۆرژوازی و ئەڵگۆی حکومڕانیەکەی، وە کۆکردنەوەی خەڵک لە دەوری دروشمی چاکسازی و پاکیجەکانی کە بزوتنەوەی گۆڕان بە پلەی یەکەم ئاڵاهەڵگری بوو بە هاوکاری رەوتە ئیسلامیە ئیخوانی و دینیەکان، کە نوێژی سیاسیان وەکو فۆرمی ریکخراوەیی شەقام و بانگی ئەڵڵەو ئەکبەریان، وەکو هاواری مستەزەعەفین، بۆ وەستانەوە لەدژی دەسەڵات بەدەستەوە دەگرت. سەرئەنجامیش توانیان بزوتنەوەی نارەزایەتی شەقام دەستەمۆی سیاسەت و ئاسۆی سیاسی خۆیان بکەن و بیکەنە بەردەبازێک بۆ بەشداری لەهەمان دەسەڵاتی تاڵانچی و بکوژی خۆپیشاندەراندا.

هۆکارێکی تر کە لیکهەڵپێکراوە لەگەڵ ئاسۆی سیاسی و سەربەخۆیی چینایەتی، نەبوونی رابەریەکی سیاسی سەراسەری بوو بۆ بزوتنەوەکە، لەگەڵ ئەوەدا ژمارەیەک لە چەپ و کۆمۆنیستەکان و کادرەکان بەشدار لە بزوتنەوەکەدا بوون، بەڵام هەژموونی ئاسۆی سیاسی هیزە ئۆپۆزیسیۆنە بۆرژوازیەکان و پاکیجە سیاسیەکانیان و حزوری زامنکردنی رابەری بۆیان، توانیان خاوەنداریێتی خۆیان بەسەر بزوتنەوەی ١٧ شوبات و روژانی دواتردا زاڵ بکەن.

پایەی بزوتنەوەکەو نارەزایەتیەکە چینایەتی و سەرچاوەکەی "نا" وتن بەدەسەڵات و خواستی" نان، ئازادی و گێرانەوەی بەهای ئینسانی" هەبوو، بەڵام خاوەنداریێتی نەکردنی ئەم خواستە چینایەتییە لەلایەن بلۆکی چەپ و کۆمۆنیستەوە، هۆکارێکی سەرەکی بوو کە هێزو رەوتە بۆرژوازییەکان لە بەرگی ئۆپۆزیسیۆنێکی چاوتیژ بۆ بەشداری لەدەسەڵاتدا، رۆڵی ڕابەری خۆیان زاڵ بکەن و جەماوەر بکەنە سەرمایەی گەیشتنیان بەدەسەڵات.

رێکخراونەبوون و لێک هەڵنەپیکانی بزوتنەوەی نارەزایەتی شەقام لە کەشی خەباتی شاریدا، لەگەڵ بزوتنەوەی نارەزایەتی کرێکاریی لە ناوەندەکانی کاری کرێکاران و گەرەکەکاندا، هۆکارێکی تری لاوازی بزوتنەوەی ١٧ شوبات و دواتری بوو.

کۆبونەوە لە ناوەندی شار و لە شوێنێکی گشتیدا، نیشاندانی نارەزایەتی لە کەشی شاری و دوبارە بوونەوەی و درێژە کیشانی بۆ ماوەیەک، پەیامی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکیش و لاوانی ئامادە بەکارە، بۆ راکیشانی پشیوانی تەواوی کۆمەڵگە و پەیامێکیشە بۆ دەسەڵاتی سیاسی کە لەڕیگایەوە داخوازییەکانی بەیان دەکات. ئەمە گۆشەیەکی گرنگە لە خەبات و ئەلگۆیەی جێکەوتووە لە خەباتی جەماوەری ناڕازی لەدەسەڵاتی سیاسی لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا. بەڵام ئەم جۆرە لە کۆبونەوەو نارەزایەتی ئەگەر تیکەڵاونەبێت و نەگوازرێتەوە بۆ ریکخراوبوون لە گەرەک و ناوەندە کرێکارییەکان و بەشە هەستیارەکانی تری کۆمەڵگە، کە شادەماری دەسەڵات بگرێت، بەشوێنێک ناگات و کاریگەریەکەشی تەنها لە چوارچێوەی بە ئاگاهێنانەوەی کۆمەڵگەو هوشیاردان بەدەسەڵاتدا قەتیس دەبێت. یەکێک لە لاوازییەکانی ١٧ شوبات ئەوە بوو کە کۆبونەوەی جەماوەری لەبەردەرکی سەراوە نەگواستەوە بۆ کۆبونەوەی کرێکاران و کارمەندان و لە شوێنی کار و ریکخرابوونیان. نەگوازرایەوە بۆ کۆبونەوەی گەرەکەکان، نەبوو بە سەکۆیەک بۆ ڕێکخرابوون و هەڵبژاردنی نوێنەران... هەر بەو هۆیەشەوە هیچ کام لە جومگەکانی جوڵەی کۆمەڵگەی ڕانەگرت و دەسەڵاتی سیاسی ڕووبەڕوو نەبۆوە لەگەڵ جوڵانەوەیەکی رێکخراو لە ئاستی جیاجیا و بەتایبەتیش لە ناوەندە بەرهەمهێنەکان و لە محەلاتدا، بەمەش توانای چینایەتی لە ئاستێکی فراواندا و بەشێوەی ریکخراو و لە فۆرمی جیاوازدا کە ئیرادەی چینی کرێکار و بێبەشان نمایش بکات، ڕووی نەدا و دەسەڵات هەموو هیزی خۆی بۆ رووبەڕووبوونەوە لە شوێنیکدا خستە گەر، کە بەردەرکی سەرەکی و ناوەندی شارەکان بوو. وە ئەگەر ئەم کۆبونەوە جەماوەریانە بۆ چەندین مانگ و تەنانەت ساڵیش درێژەی کێشابا، کاریگەریەکەی نەیدەتوانی هیچ گورزێکی کاریگەر لەدەسەڵات بدات. دیارە بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری لە فۆرمە گشتی و ناڕێکخراوەکەیدا ئەگەر بتوانێت دەسەڵاتیش رابماڵێت، بەڵام ناتوانێت کاری خۆی لەگەڵ دەسەڵاتی بۆرژوازی یەکلابکاتەوە، ئەگەر چینی کرێکاری رێکخراو توێژە بێبەشەکان، ریکخراونەبن و ئاسۆی سیاسیان دیار نەبێت و حزبێکی سیاسی چەپ و کۆمۆنیستی دەخالەتگەر ئاڵای بەسەرکەوتنی بەدەستەوە نەگرتبێت. ئەزموونی هەموو شۆڕش و ڕاپەرینەکانی دنیا و جیهانی عەرەبی لە "بەهاری عەرەبی" یدا، باشترین بەڵگەی ئەو ڕاستیەن.

کاتیک باسی ئاسۆی سیاسی و سەربەخۆیی چینایەتی و رابەری سیاسی و گرنگی ریکخراوبوون دەکەین، ئەمانە بە بێ حزبی سیاسی ممکین نییە...

لاوازییەکانی بزوتنەوەی نارەزایەتی ١٧ شوبات و ساڵانی دواتریش، زۆر لە پلانەکان و سەرکوتی دەسەڵات، کاریگەری زۆرتر لە بەسەرئەنجام نەگەیشتنی نارەزایەتیەکاندا هەبووە... ناسینی ئەم لاوازیانەو پڕکردنەوەیان هەنگاوی کارسازە لە راستای ڕماڵینی دەسەڵاتدا.

لە ١٧ شوباتی ٢٠١١ وە بۆ ئیستا کە ١٠ ساڵە، ئاڵوگۆری زۆر لە پەیوەندی نیوان دەسەڵات و جەماوەردا پێکهاتووە. لەلایەکەوە دەسەڵاتی سیاسی ماهیەتی سەرکوتگەرانەی، ناتوانایی لە چاکسازی، ناوەرۆکی دژە ئازادییەکەی، تەریک کەوتنەوەی لە ئاستی کۆمەڵگەی نیودەوڵەتی، پەرش و بڵاوبونەوەی زۆرتری ڕیزەکانی، لاواز بوونی توانایی سەرکوتی، تا دەگایە رەوینەوەی خۆشباوەری بە هێزە بەناو ئۆپۆزیسیۆنەکان... بە ئاشکرا دەبینرێن. لەلایەکی تریشەوە ئاستی هۆشیاری جەماوەری هەڵکشاوە، خۆپیشاندانەکان فراوانترو سەراسەری تر بوونەتەوە، ئاستی داخوازییەکان چونەتە سەرەوە، بەشداری توێژەکانی کۆمەڵگە زۆرتر بووە، بەڵام هیشتا کەم و کورییە سەرەکیەکانی وەڵامیان وەرنەگرتۆتەوە.

ئاسۆی سیاسی و هەڵگری ئەم ئاسۆ سیاسیە" حزبی سیاسی"، لەگەڵ ڕێکخراوبوونی حزبی و جەماوەری لە شوێنی کارو ژیاندا... ئەو سێ کوچکەیەن کە پێداویستی ژیارین بۆ سەرکەوتنی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری لە راستای ڕماڵینی دەسەڵاتدا و هاوکاتیش بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتداریێتیەکی تر و ڕیگەگرتن لە دزینی شۆڕش و راپەرین، لەلایەن باڵی تری بۆرژوازییەوە...

بلۆکی چەپ و کۆمۆنیست، رابەرانی کۆمۆنیست و چەپی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی وەکو (کریکاران، لاوان و ژنان، و رابەرانی بزوتنەوەی نارەزایەتی و داخوازییەکان" ئەرکیانە بەسەر ئەو لاوازیانەدا زاڵ ببن، تا زەمانەتی سەرکەوتنی بزوتنەوەی ڕماڵینی دەسەڵات بکەن و دەسەڵاتێکی تری پشت بەستوو بە توانایی و ئیرادەی خودی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان لە جێگای دەسەڵاتی راماڵراو بنیات بنێن.

یادی ١٠ ساڵەی هەڤدەی شوبات، هێندەی یادی راسانێکی جەماوەریی و شکۆداری سەردەمی خۆیەتی، زۆر لەوە زیاتر بیرخەرەوەی لاوازیەکانی و قەرزداری پڕ کردنەوەی لاوازییەکانیەتی.

**یادی ١٠ ساڵەی هەڤدەی شوبات، هێندەی یادی راسانێکی جەماوەریی و شکۆداری سەردەمی خۆیەتی، زۆر لەوە زیاتر بیرخەرەوەی لاوازیەکانی و قەرزداری پڕ کردنەوەی لاوازییەکانیەتی...**



**بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری لە فۆرمە گشتی و ناریکخراوەکەیدا ئەگەر بتوانێت دەسەڵاتیش رابماڵێت، بەڵام ناتوانێت کاری خۆی لەگەڵ دەسەڵاتی بۆرژوازی یەکلابکاتەوە،**

## درێژەی... گیراوەکانی هەولێر و بادینان، تۆمەتی سەرۆك پێش دادگایی!

لە ماوەی ئەو شەش مانگەدا، هیچ کام لەو دەستگیرکراوانە دادگای نەکراون و هیچ بەڵگەیەکی یاسایشیان لەسەر هیچ تاوانێک! لەسەر ساغ نەبۆتەوە و لەراستیدا تاوانێکیان ئەنجام نەداوە، ئەوە نەبێت بە دژی تاوانی دەسەڵات کە موچە بڕین و سەرکوتە هاتوونەتە مەیدان.

بەجیا لەوەی ئەو گیراوە سیاسیانەی هەولێر و بادینان، لە ماوەی ئەم شەش مانگەدا هیچ تاوانیکیان ئاراستە نەکراوە و بەو هۆیەشەوە دادگایی نەکراون، بەڵام مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی پارتی و یەکیتی و گۆڕان، دوای شەش مانگ ڕاگرتنیان لە زیندان، تۆمەتی سیخوری و تیکدەری دەداتە پاڵیان... بەمەش وەکو پیشەیی هەمیشەییان، دوبارە سیناریۆ ئامادەکانیان بەشێوی دڵخوازانە بۆ شکاند و لەکەدارکردنی ناڕازیان بەکاردەهێنن.

دەسەڵاتی تۆمەتبار بەدزی و تالانی ئاشکرا و سەرکوت و خۆشخزمەتی و پیشلەشکری ئاشکرا بۆ وڵاتانی دیکتاتۆری ناوچەکە، و هەوڵدانی بۆ کلۆمدانی پەراوێزەکانی ئازادی، بە هێشتنەوەی ٦ مانگ لە دەستگیرکراوەکان بێ ئەوەی دادگاییان بکات، و پاشانیش تۆمەتی سیخوری و تێکدەردانە پاڵیان، تاوان و سوکایەتیەکی ئاشکرایە بە هەموو یاساو ڕێسایەک کە کەمترین ڕێز بۆ ئینسان دابنێت. ئاخر ئەگەر ئەو دەستگیرکراوانە بەپێی دادگا و یاسا، لەماوەی ٦ مانگدا هیچ تاوانیانیکیان ئاراستە نەکرابێت و دادگایی نەکرابن، چۆنە ئیستا بە سیخور و تیکدەر تۆمەتباریان دەکەن؟

ئەم تۆمەتەی سەرۆکی حکومەت، کە ئاراستەی زیندانییە سیاسیەکانی هەولێر و بادینانی دەکات، بەرلەوەی تۆمەتێکیان لە دادگادا بەسەردا ساغ بوو‌بێتەوە، خۆی تاوانە، کە یەکێتی و گۆرانیش دەکاتە هاوبەشی ئەو تۆمەتە بێ بناغەیە. کە دیارە بێ دەنگی یەکێتی و گۆڕان لەبەرامبەر دەستگیرکردنیان، نیشانەی ئەوەیە ئەو دوو حزبە چاوتیرنەبووە لە پۆست و داهات، واژۆکارانی ئەو تۆمەتە ناڕەوایەشن.

لێنەپرسینەوە لە زیندانیان بۆ ماوەی شەش مانگ و ڕادەست نەکردنیان بە دادگا، پاشان تۆمەت خستنە پاڵیان سزایەکی یەکجار بێ پاساو و نایاساییە، کە وینەی تەنها لە ڕژێمە چنگ بەخوێن و دیکتاتۆرەکانی مێژوودا هەیە...

پارتی بە ڕفاندن و دەستگیرکردنی هەڵسوڕاوان و ناڕازیان و پاشان هێشتنەوەیان بێ دادگایی بۆ ماوەیەکی زۆر، و لەوەش زیاتر تۆمەت بەخشینەوە بۆ درێژەدان بە ڕاگرتنیان لە زیندان، دەیەوێت هەموو هەڵسوڕاوانی بزوتنەوە جەماوەریی و نارەزایەتیەکان بترسێنی، لەوەی دەست بۆ داواو مافەکانی خۆیان ببەن و نارەزایەتی وەربێبخەن.

جەماوەری ئازادیخواز و هەموو کەس و لایەنێکی سیاسی و جەماوەری و ئینسان دۆست، پیویستە لەبەرامبەر بەو سیاسەتە دژە ئازادی و دژە یاساییەی پارتی و تۆمەتە پوچەکانیان بێدەنگ نەبن، و داوابکەن بەزوترین کات ئەو زیندانیانە ئازاد بکرێن و هاوکات قەرەبووی ٦ مانگ هیشتنەوەیان بێ دادگایی و شکاندی کەسایەتیان بە تۆمەت خستنە پاڵ بەسەردا بسەپێنن.

## درێژەی... هێرشی سوپای تورکیا، سەرەتای ئۆپەراسیۆنێکی فراوانتر...

هاوکاتیش چەندینبۆ
ناوچەی تری کردۆدە نیشانەی بۆمبابارانی هێزە ئاسمانیەکانی.
ڕژێمی فاشیستی تورکیای گیردۆدە بوو بە دەیان قەیرانی ئابوری و سیاسی و دەرگیر لەگەڵ دەیان کیشەی ناوخۆیی و ناوچەیی، لەدیژەی ملهورییەکانییدا لە ناوچەکەو لە ڕاستای هێرشە بەردەوامەکانییدا بۆ سەر هەرێمی کوردستان، جارێکی تر هێرشەکانی دەستپیکرد. پێشبینی دەکرێت ئەم هێرشە سەرەتای ئۆپەراسیۆنێکی فراوانتر بێت کە لەم ماوەیەدا ئەنجامی دەدات و ئامادەکاری دەکات بۆ هێرش بۆسەر شەنگال...
پاساوی ڕژیمی تورکیا هەرچیەک بێت، وە ئەگەر پاساوەکەی بوونی هێزەکانی پەکەکەو پاراستنی ئەمنیەتی سنورەکانی بێت، هیچ لەو ڕاستیە ناگۆڕیت، کە ڕژێمی تورکیا بەدوای هەیمەنەی خۆیەتی لە ناوچەکەو دەیەوێت وەکو ڕژێمی ئیران، دەخالەتگەری و بەشداری لە پرۆسیسی ناوچەکەدا وەکو واقعیەتێکی ناچاری و بێ ڕێگاچارە دابسەپێنێت. عیراق و کوردستانی عیراق، یەکێک لەو جغرافیایەیە کە زەمینەی ئەو دەستێوردان و ملهوری نواندنەی بە تورکیا داوە. لاوازی حکومەتی ناوەندی و لەلایەک و بێ خاوەنداریتی هەرێمی کوردستان و نۆکەرایەتی هیزە سیاسییەکانی بۆ سیاسەتەکای ئەردۆغان بەتایبەتیش پارتی و هاوکاتیش پاساوی بوونی پەکەکە لەلایەکی ترەوە، لایەنی سەرەکی ئەو زەمینەیە کە تورکیا کەڵکی لێوەردەگرێت... بەڵام ئایا تورکیا دەتوانێت ئەو خەون و ئامانجەی بەدی بهێنێت.
هەموو ئاماژەکان، و زیاتر لەوەش ماهیەتی خودی ڕژیمی تورکیا و ئەزمە ناوخۆیەکانی، واقعیەتی سیاسی ناوچەکە و قوتبی نەبوونەوەی پیگەی باڵادەستی بلۆکە جیهانیەکان، کیشمەکیشی سیاسی و سەربازی لەناوچەکە، بوونی بۆشایی سیاسی، بەرین بوونەوەی ململانێی تورکیا لەگەڵ ئەوروپا و ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی.. هەموو ئەوانە بواری ئەوە دەدەن تورکیا زیاتر لە پێشوو حزوری خۆی لەریگای دەستێوەردانی سەربازی ڕاستەوخۆ یان بە وەکالەت، لە ناوچە ئەزمەگرتوەکاندا دریژە پێبدات و زیادیشی بکات. هەر ئەوەشە وای کردووە کەتورکیا بە ئاشکرا تەماحەکانی زیاد بکات و بەرۆشنیش ڕای بگەیەنێت.
دەستێوەردانەکانی تورکیا لەهەموو ناوچەکەو لە کوردستاندا، لەدوای شکستی سەربازی داعشەوە، گۆراوە. هێرشەکان ڕاستەوخۆ لێک هەڵپێکراون لەگەڵ هێرش و دەستێوردانەکانی لە کوردستانی سوریادا... هاوکات دەیەوێت بەشێک یان کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ئایندەی بەڕیوەبەری شەنگال هەبێت و لە ململانێی نێوا بەغدا و هەریمیشدا، ڕۆڵی لەبەرچاو بگیرێت...
تورکیا لە هێرش بۆ سەر پەکەکە، چەندەش گوشاری سەربازی بخاتە سەر پەکەکە، ناتوانێت سەرکەوتن بەدەست بهێنێت و ئەم دۆسیەیە گرێدراوە بە واقعیەتی سیاسی ناوخۆی تورکیا بەتایبەتیش بە زوڵمی نەتەوایەتی سەر خەڵکی کوردستان لە تورکیادا. پەکەکە توانیویەتی خۆی بە پرسی سیاسی خەڵکی کوردستان هەڵبواسێت و وەکو خاوەنی ئەو دۆسیەیە لە ئاستێکی فراوانی کۆمەڵایەتیدا دەربکەوێت. وە تا کێشەی سیاسی خەڵکی کوردستان لە تورکیادا وەڵام وەرنەگرێتەوە، هێرشی سەربازی بۆسەر پەکەکە، چەندەش دوبارە ببێتەوە و شێوەی جیاجیا بەخۆیەوە بگرێت، ئاسنی سارد کوتانە. چارەسەر کۆتایی هێنانە بە وەڵامدانەوەی بە پرسی کورد لە تورکیادا.

## هەڵمەتی ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی بەکام پەیام؟

ژمارەیەک لە چالاکوانی لاوی مەدەنی ژن و پیاو، بەمەبەستی ڕووبەرووبوونەوەی توندوتیژی دژ بەژنان بەهاوکاریً ڕێکخراوەی CDO هەڵمەتێکیان ڕاگەیاند...
ئەم هەڵمەتە کە بە هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە دەست بەکارەکانی دەکات، وەکو خۆیان دەڵێن هەنگاوەکانی مەیدانین و بە بەسەرکردنەوەی خێزانەکان لە کوچەو گەرەکی شارەکان دەست پێدەکەن و هەڵمەتەکەیان درێژە پێدەدەن. دەستبردن بۆ هەنگاوێکی لەو بابەتە هەرچەندە سەرەتایش بێت، ئەگەر بە نەخشەوە کارەکانی ئاراستە بکات و پرسی زوڵمی سەر ژنان و وەستانەوە بەرووی توندوتیژی ژنان ئامانجی سەرەکیان بێت و مەیدانی و بەکردەوە دەست بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە ببات و سەرچاوەکانی توندوتیژی و زەمینەکان و لایەنەکانی پشتی ئەو توندوتیژییە بێ ئەمانە دژی ژنان، ڕابگەیەنێ، دەتوانێت ڕۆڵی کاریگەر بگێرێت و ببێتە ئەلگۆ و فۆرمێکی تر بەدژی توندوتیژیدا.
زوڵمی سەر ژنان لە کۆمەڵگەی کوردستاندا، لە هەڕەشەو چاوسورکردنەوەوە تا لێدان و ئازاردانی جەستەیی و دەرونی و تادەگاتە تیرۆر و ناچارکردنی ژنان بە خۆکوژی... هێندە دیاردەیەکی شەرماوەرە، کە ئینسان دەتوانێت هەموو رۆژێک هەواڵی جەستەی کوژراوی ژنێک، یان تابلۆیەکی هەڵقرچاویان لە میدیا و هەواڵەکاندا ببینێت.
هاوکاتیش ئینسان دەتوانێت یاسا دژە ژنەکان ببینێت، دەسەڵاتی دژە ژنیش ببینیت، تێکەڵ کردنی دین و یاساکان، دین پەروەردە، دین فێرکردن، مینبەری هەزارسەری ژەهر ڕشتن کە ژن وەکو ئینسان تەماشا ناکات، ببینێت.
چ ئەم گروپەو چ هەر ڕێکخراو و هەڵمەتیک کە لە ژێر ناوی بەرگری لە ژنان و مافەکانیان، دەست بۆ دەبەن ئەگەر لە کارەکانی خۆیدا و لە هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەکەیدا، نوکە ڕمی لە یاسا دژە ژنەکانی سەرچاوەگرتوو لە شەرع نەبێت. ئەگەر دەسەڵاتی کۆنەپەرستی حزبە دەسەڵات بەدەستەکان، ریسوا نەکات. ئەگەر سازش لەگەڵ خێڵی مەلای موچەخۆر و بەڵاشخۆر بکات... چەندە بانگەشە بۆ مافەکانی ژنان و بەرگری لێکردنیان بکات، جگە لە درۆیەک هیچی تر نمایش ناکات.
کەم نین ڕیکخراوە بەناو ژنانەکان، ئین جی ئۆکان، کەمپەینەکان، کەچی توندوتیژی لەدژی ژنان بی ئامانە، هەمەلایەنەیە، دەسەڵاتی حزبی لەپشتە، رەوتە ئیسلامیەکانی لە پشتە. ریزی بەرینی مەلای فتواچی لە پشتە، میدیا و راگەیاندنی بەربڵاوی لەپشتە، یاسای لەپشتە، پاسەوانی بەرگری لە کۆنەپەرستی لە پشتە... چوونە جەنگی ئەمانە لانی کەمی چاوەڕوانیەکە کە لەهەر گروپێک هەبێت، کە بانگەوازی بەرگری لە مافەکانی ژنان دەکات و باسی رووبەڕووبونەوەی توندوتیژی دەکات...



# کامتان سیخورو ئاژاوەگێڕن؟

## وەڵامێک بە مەسرور بارزانی کە خوپیشاندەرانی زیندانی ناوبرد بە سیخور و نۆکەر و ئاژاوەگێڕ ...

ناوچەکانی هەولێر و بادینان زیاتر لە حەوت مانگە بێ ئەوەی تۆمەتەکانیان دیار بێ لە زیندان نراون، تەنها لەبەر ئەوەی داوای مووچە و قووت و مافی خەڵک دەکەن.

لە کۆنگرەکەدا مەسرور بارزانی ئەوانەی تۆمەتبار کرد بە سیخوڕ و پیاوی بێگانە و ئاژاوەگێر و تێکدەر (مخرب) و بکوژ و وە وتی ئەوانە نە ڕۆژنامەنووسن و نە چالاکوانی سیاسی و مەدەنین!

لێرەدا پرسیار ئەوەیە دەبێ ئەمانە سیخوری کامە وڵات و داگیرکەر بن مەسرور بۆچی نیشانی نەدا؟ ئەمە لایەنێکی ناڕاستگۆیانەی قسەکانی بوون، پێشتر کاتێ ڕۆژنامەنووسێکی وەک سەردەشت عوسمانیان تۆمەت بار کرد بە تیرۆرسیتی سەر بەداعش و وتیان هەرداعش خۆی تیرۆری کردووە لەبەرئەوەی وازی لێ یان هێنابوو بێ ئەوەی داعش بەرپرسیاریەتی ئەو کارە تیرۆستییە رابگەیەنێ، چونکە داعش هیچ کارێکی تیرۆریستی ئەنجام نەداوە نەیووتبێ من کردوومە. هەمیشە بەرپرسیارەتی لە کارە تیرۆریستیەکانی نیشان داوە. درۆی لەو جۆرە بۆ کەسێکیی هۆشیارو بە ئاگا دیار بوو هەر لە سەرەتاکەیەوە. مەسرور ئەگەر ناوی هەر وڵاتێک بێنێ کە ئەمانە سیخوڕیان بۆ کردوون، ئەوا دەرئەکەوێ کە خۆیان و دەسەڵاتەکەیان درۆو دەکەن و لە بەرچاوی ئەو وڵاتانە متمانە لە دەست ئەدەن و دۆستایەتیان لەگەڵیان لە دەست ئەدەن و مێژووش نیشانی داوە هەر خۆیان سیخوڕو نۆکەری ئەو وڵاتانە بوون.

ئەگەر ئەم کەسانە سیخوری هەر وڵاتێ بن و بەڵگەیان هەیە لەم بارەوە هیچ پێویست ناکا حەوت مانگ لە زینداندا بن بێ دادگاییکردن و وەرگرتنی سزاکەیان، ئەمەش دژی ستانداردە جیهانیەکانی مافی مرۆڤە کە نابێ لە ٢٤ سەعات زیاتر هیچ کەس لە زینداندا بێت بەبێ ڕانەگەیاندنی ئەو تۆمەتەی لەسەریەتی بەبەڵگەوە. هەر مانەوەی ئەم کەسانە لەو ماوە درێژەدا لە زینداندا نیشانی ئەدا ئەوە درۆیەکی گەورەو شاخدارە کە ئەوان سیخوڕ و تێکدەر و پیاوی وڵاتانی تربن، چونکە ئەگەر سەلمێنرابا دەبوو ئێستا حوکم درابان.

لە هیچ دادگایەکی جیهانیدا ئەوە ڕووی نەداوە حەوت مانگ سیخۆرەکان لە زینداندا بن بێ دادگاییکردن ئەمە ئاشکرای دەکات ئەو کەسانە نە سیخوڕن و نە بەکرێ گیراوی هیچ وڵاتێکن. بەڵکو بۆ زاڵکردنی ترس و تۆقاندن ئەم ڕەفتارە دژی ئازادییە ئەنجام دراوە، بۆ ئەوەی ناوچەی هەولێر و بادینان کۆنتڕۆڵ بکرێ هیچ کەس نەوێرێ و زاتی ئەوە نەکا بچووکترین ناڕەزایەتی ئەنجام بدات.

لە ڕاستیدا کەسی بە ئاگاو بەوێژدان نییە لە کوردستان سیخوڕیەکانی ئێستای ئەم حیزبەی بارزانی بۆ تورکیاو ئەردۆغان نەزانێ، کەسی بە ئاگا نییە نەزانێ ئەمانە پێشلەشکریان بۆ دەوڵەتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە کردووە. بەڵگەکان زۆرن لەم بارەوە لە ساڵي ١٩٩٦ مەسعودی باوکی مەسرور بەڕۆژنامە نوسێکی بیانی وت سەدام حسین دوژمنی کورد نییە، وە پێشلەشکریان بۆ سوپا ئەنفالچییەکەی بەعس کرد لە ٣١ ی ئابدا. ئەوە هەر ئەوان بوون پێش لەشکریان بۆ خومەینی کرد بۆ لێدانی کۆمەڵە و دیموکراتی ئێران پێشتریش بۆ شای ئێران، ئەوە هەر ئەوانن ئێستا سیخوری و پێشلەشکری سوپای فاشیستی تورکیا ئەکەن بۆ داگیرکردنی کوردستان بە ناوی لێدان لە پەکەکەوە.

نە پارتی و نەیەکێتی یەک ڕۆژ نەبووە سیخوڕی بۆ وڵاتانی کۆنەپەرستی دەوروبەر نەکەن و کەسانی چالاکی سیاسی ئۆپۆزسیۆنی ئەو وڵاتانە بە کوشت نەدەن بە دەستی ئیتلاعات و میتی ئەو وڵاتانە یا تەسلیمیان نەکەنەوە بەو وڵاتانە.

لە مەسرور بارزانی دەپرسم ئەوانەی کە ئێوە دەستگیرتان کردوون بە ناوی سیخوڕو نۆکەری بێگانە کام یەک لەو کردەوانەی هاوشێوەی ئێوەیان ئەنجام داوە دژ بە خەلکی کوردستان و ئۆپۆزسیۆنی ئەو وڵاتانە؟ حەتمەن وەڵامێکت نییە لەو بارەوە.

مافی خۆپیشاندان و کۆبوونەوە و مانگرتن مافێکی بێ ئەملاو ئەولای خەڵکە هەر حیزب و دەسەڵاتێک ئەم مافە پشێل بکات دەچێتە ناو لیستی ڕەشی ئەو حکومەت و دەسەڵاتانەوە کە بەسەرکوتگەری ئاشکرا ناسراون. بۆ نموونە ئێران، تورکیا، عێراقی سەردەمی بەعس و ئێستا وسوریا وسعودیە وکۆریای باکور ....هتد.

سەرۆکەکانی ئەم حکومەتانە هەمیشە لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە لێ یان کراوە بۆ چالاکوانی خۆپێشاندانەکان دەکوژن و ئەشکەنجەیان دەکەن و لە زیندانیان دەکەن؟ وەڵامەکەیان هەر ئەوە بووە کە مەسرور داویەتەوە کە گوایا ئەمانە چالاکوان نین و سیخوڕو ئاژاوە گێڕو نۆکەری بێگانەن، هەروەک سەدام حسین بە مەسرور حیزبەکەی باوکی وباپیری دەووت جیب العمیل و نۆکەری ئەمەریکاو ئیسرائل و ئێران و وەپێی دەوتن مخرب و ئاژاوەگێڕو جاسوسی بێگانە.

لە سەردەمی بەعس هەر کەسێکی پارتی و یەکێتی و ئیسلامی و شوعی و کۆمۆنیست دەسگیر کرابێ وئیعدام کرابێ هەر ئەو درۆیەی بۆ کراوە کە ئەمڕۆ مەسرور بارزانی دەیکا بۆ ئەم کەسانە .

هەروەک چۆن سەرۆکی ڕۆژنامەنوسان لە سلێمانی وتی لە ناو ئەو دەستگیراوانەدا هەیە لەسەر ئۆبجی و پۆست وکۆمێنتی ناو سۆشیال میدیا دەسگیر کراوە. ئاخر ئەمە ئەوپەڕی سەرکوتە کە لە هیچ یەکێ لەوڵاتانی جیهان کەسێک لەسەر ئەوانە دەستگیر ناکرێ، تەنها لەو وڵاتانە نەبێ کە لە ژێر چەپۆکی حوکمی سەرکوت و ئیستبدادی ئاشکرادان.

کەوایە ئێستا دەتوانین ئەوە بڵێین کە درۆکانی مەسرور بارزانی بە تۆمەت بارکردنی چالاکوان و خۆپێشاندەرانی ناوچەی هەولێر و بادینان وەک درۆکانی سەرکردەی ڕژێمە سەرکوتگەرەکانە وە ناوی دەچێتە لیستی ڕەشی ئەو سەرکردانەوە.

پارتی و سەرکردەکانی پروپاگەندەی زۆر دەکەن کە لە ناوچەی هەولێر و بادینان ئازادی خۆپیشاندان هەیە بەڵام هیچ ڕاستیەک لەم پروپاگەندەیە نابینرێ، ڕێگا بە کام خۆپیشاندان دراوە تا ئێستا کە لەدژی دەسەڵات بێت و خەڵکی تێدا سەرکوت نەکرابێ و هەلسوڕاوەکانی بە ناوی ئاژاوەگێڕ دەسگیر نەکرابێ؟ نییە و نەبووە .

ئەم دەسەڵاتەی مەسرور بارزانی سەرۆکیەتی لە خراپترین دەسەڵاتەکانی تا ئێستای هەرێمی کوردستان بووە بە چەند بەڵگەی وەک خراپ بوونی باری ئەمنی خەڵکی کوردستان و پێشێلکردنی زیاتری ئازادی سیاسی و بیروراو و خۆپیشاندان و مانگرتن وکۆبوونەوە و خراپتر بوونی بارودۆخ وگوزەرانی خەڵکی کوردستان و نەدانی مووچە و لێبڕینی مووچەو زیاتر بوونی دزی و ڕاووڕووت و بە قاچاخ فرۆشتنی نەوت و کۆنترۆڵکردنی بازرگانی لە خاڵە سنوریەکان لە لایەن بەرپرسانی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار .

لەسەر ڕۆشنایی ئەو لێکۆڵینەوەی سەرەوە دەکرێ بگەینە ئەو ڕاستیە کە ئەوانەی دەسگیرکراون لە بادینان نەسیخوڕی وڵاتانی ترن نە ئاژاوە گێڕن، بەڵکو کەسانی ئازادیخوازن و داوای ئارامی و ئاسایش و ئازادی و مووچە دەکەن و دژی دزی وتاڵانچیەکانی دەسەڵاتن بەپێچەوانەشەوە ئەوە دەسەڵاتە میلیشیایەکەی مەسرور بارزانیە سیخوری وڵاتانی ترن و لایەنگری نائارام کردنی ژیانی خەڵک و برسیکردنی خەڵکی کوردستانن وە دژی ئازادی سیاسی و بیرواڕاو خۆپیشاندان و مانگرتن و کۆبوونەوەن.

## له بۆپێشەوەوە

* بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.

* بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێک بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.

* بابەتی بڵاوبوەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە لە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. ڕاسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.

* درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی ڕاگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.

- ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە

* هیچ بابەتێک بە زمانەکانی عەرەبی، فارسی، ئینگلزی... وەرناگرێت و خاوەنی بابەتەکان بەرپرسن لە وەرگێرانیان بۆ زمانی کوردی...

* بۆپێشەوە بەرپرس نییە لە هەڵەی ئیملایی و ڕێنووسی ئەو بابەتانەی بۆی دێت... هەڵەبڕی ئەرکی خاوەن بابەتەکانە...



# چل و دوو ساڵ تیرۆر، ئەشکەنجە، ئیعدام و ڕەشەکوژی

شۆڕش بە لاڕێدا چوو و کۆماری سێدارە و تیرۆر و تاوان دەسەلاتی سەدەناوەڕاستی خۆی دامەزراند. خومەینی و لایەنگرانی شۆڕشیان بە لاڕێدا برد و خواستی خەڵک و ئارمانەکانی شۆڕشگێڕانیان لە گۆر نا، شۆڕشێک کە بۆ هاتنە ئارای ئازادی، یەکسانی، نەمانی مەودای چینایەتی، کۆتایی بە هەژاری و برسێتی، نەمانی زوڵم و زۆر و ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی هاتە ئاراوە، بەڵام لەلایەن دەسەلاتێکی ئایینی و دژە مرۆڤ دەستی بەسەردا گیرا.

وڵاتە زلهێزەکان کە هەمیشە چاوی تەماحیان بڕیوەتە کانگا ژێرزەوییەکان و هێزی وزە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەهەر هەلێک کە بۆیان برەخسێ کەڵکی خۆیان وەردەگرن. نەمانی دەسەلاتی پاشایەتی و نەبوونی ئالتەرناتیڤی باشتر لەو بارودۆخە دا هەلی لە باری بۆ دەسەلاتدارانی دەرەوە لە سەرووی هەموویانەوە ئەمریکا رەخساند و ڕاگەیاندنەکانیان دەستیان کرد بە پڕوپاگەندە بۆ کۆماری ئیسلامی و خومەینی تا دەسەلاتێکی ئایینی و دواکەتوو بێتە سەر کار و قەیران و کێشە لە ئێران هەربەردەوام بێ. کۆماری ئیسلامی زۆر زوو ڕوالەتی دزێوی خۆی بۆ خەڵک دەرخست و دەسەلاتی خواوەند و خوڕافە و ئایینی قیزەونی ئیسلامی بەسەر خەڵک دا سەپاند. ئاییینێک کە تەژیە لە کوشتن وبڕین و توندوتیژی و دەستدرێژی و تاوان. کۆماری ئیسلامی بە سەرۆکایەتی خومەینی خوێنرێژ هەر لە سەرەتای دامەزراندنی دەسەڵاتە درۆیینە و خوێنرێژەکەی ماشێنی سەرکوت و کوشتاری ئازادیخوازان و جیابیرانی وەگەڕ خست. هەر دەنگێکی نارەزایەتی لە گەروو دا کپ کرد وسیاچاڵەکانی تەژی کرد لە جیابیران وئازادیخوازان. کۆماری کوشتن وتیرۆر بۆ کوشتنی ڕەخنەگران و ئازادیخوازان و دژبەرانی دەسەڵاتەکەی هەیئەتی مەرگی دامەزراند، هەیئەتی مەرگ بە سەرۆکایەتی خودی خومەینی جەلاد، کە دەستیان بۆ هەموو جینایەت و تاوانێک ئاوەڵا بوو. ڕۆژ نەبوو خەڵکی ئازادیخواز و جیابیر هەر ئەوانە شۆڕشیان دژ بە دەسەڵاتی پاشایەتی بەرپا کرد لە سێدارە نەدرێن و نەکوژرێن. ڕژیمی ئیسلامی ئێران کارنامەیەکی ڕەشی لە بواری جینایەت و تاوان لە ماوەی دەسەلاتداری خۆی بەسەر خەڵک دا تۆمار کردووە. مێژوو و ڕووداوەکانی ئەو ساڵانە شایەتی ئەو جینایەت و زوڵم و زۆرەن. ساڵی ٦٧ی هەتاوی بە سەدان زیندانیی سیاسی بە تایبەت لە بەرەی چەپ و ئازادیخواز لەلایەن هەیئەتی مەرگەوە بە ئیعدام مەحکوم کران و کۆمەڵکوژ کران کە خودی خومەینی ئەو ئیعدام و ڕەشەکوژیانەی هاوئاهەنگی و سەرۆکایەتی دەکرد. ژنان کە هەمیشە بڤە بوون بۆ دەسەلاتی ئێران لەو نیوەدا زۆرترین قوربانیاندا. ژنانی ئازادیخواز کە دژ بە کۆیلەیی و حیجابی زۆرەملێ و یاسا



سەدە ناوەڕاستیەکانی کۆماری ئیسلامی ڕاوەستان بە توندوتیژترین شێواز وەلامیان دراوە. وەلامی ژنان بۆ داخوازیی بەحەقیان و مافی مرۆڤیان بە گوللە و زیندان و ئەشکەنجە و دەستدرێژی وەلامی دەدرایەوە. لە ئێرانی ژێر حاکمیەتی کۆماری ئیسلامی کاتێک کچێکی زیندانی دەکرا، شەوێک پێش لە سێدارەی لە لایەن مۆرەکانی کۆماری ئیسلامی و پاسداران و بەندیوانەکانەوە دەستدرێژی دەکرایە سەر تا بە قەولی خۆیان لە دنیای تر نەچێتە بەهەشت، چونکە لە ئایینی قیزەونی ئیسلام دا هاتووە ئەگەر کچێک پەردەی کچێنی، کە لە کۆمەڵگەی ئێمە گەورەترین سوکایەتییە بە ژنان و تا ئێستاکەش ژنی لەسەر دەکوژرێ بمێنێ و بکوژرێ دەچێتە بەهەشت، پاسداران و جینایەتکارانی کۆماری سێدارە دەستدرێژیان دەکردە سەر کچان و مارەیان دەکردن و دواتر قورئانێک و هەزار تمەنی ئەو کاتیان دەخستە ناو قورئانەکە و پێشکەشیان دەکرد بە بنەماڵەی ئەو کچانە کە مەشروعیەت بدەن بە تاوان و دەستریژیان و جەرگی دایک و باوکەکان زیاتر بسوتێنن، تاوانێک کە تا بە هەنووکەش هەر بەردەوامە و کۆمەڵگەی مرۆڤی لە ئاستی کەڕ و لاڵە. هەموو چین و توێژە بێبەشەکانی ئێران بوونە قوربانی سیاسەت و خوێنڕێژی ڕژیمی ئێران، بەڵام لەو نێوەدا کوردستان کە پێش لە ناوچەکانی تر "نا" ی وت بەو دەسەڵاتە و ملکەچی بڕیارەکانی خومەینی نەبوو قوربانی زیاتریدا. جەلادەکەی جەماران دوای نا وتنی کوردستان و خەڵکی شۆڕشگێڕی ئەو ناوچەیە شەڕی سێ مانگەی بە دژی کوردستان ڕاگەیاند. شەڕێکی نابەرامبەر بە چەکی قورس، هێزێکی پۆشتەی تەیار بە هەموو چەکێکی کۆمەڵکوژ و هێزێکی زۆر کە هەڵگری بڕیاری خومەینی بۆ نەمان و تەختکردنی کوردستان بوون. هێزێکی تاریک بیر تەیار بە چەکی قیزەون ومەترسیداری ئایینی ئیسلام کە خومەینی و بڕیارەکانی خومەینیان بە بڕیاری خوا دەزانی و لە هیچ تاوانێک بەدژی کوردستان نەپرینگانەوە. هێرشێکی نارەوا کە لە لایەن خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان شکستی هێنا. خەڵکی کوردستان بە ژن و پیاو و پیر و لاوەوە لە بەرامبەر هێرشی کۆماری ئیسلامی ڕاوەستان و سوپای جەهل و نەزانیان بە چۆک داهێنا کە لە ئاکام دا خومەینی دانی بە شکستی خۆی داهێنا و ریسوا بوو، خەڵکی کوردستان مێژوویەکی پڕشنگداریان بۆ خۆیان تۆمار کرد. لەو کاتەوە تا بە هەنووکە دەسەلاتی کۆماری ئیسلامی زراوی لە خەڵکی کوردستان چووە و هەموو هەولەکانی خۆی خستە گەڕ تا کوردستان لە بواری ئابووری و سیاسی تەریک بکاتەوە. کوردستان کە خاوەنی هێزی کاری کارامە و نوخبەیە هەمیشە بەچاوی هەڵاواردنەوە چاوی لێ کراوە و قەت دەسەلات نەیهێشت بوژانەوە بە خۆیەوە ببینی. دوای شکستی خومەینی و دەسەڵاتەکەی لە کوردستان ڕەشبگیری و کوشتن وبڕینی خەڵک دەستی پێکرد، تا بەڵکوو بتوانن فەزایەکی ترس و تۆقاندن بخولقێنن و پاشەکشە بە خەڵک و جیابیران و ئازادیخوازان بکەن. پیلانێک کە تا بە ئێستا گەیشتووە شکستی خواردووە و کوردستان هەمیشە لە بەرامبەر ڕژیم و دەسەلاتە نەگریسەکەی خاوەن هەڵوێستی شۆڕشگێرانە بووە و "نا" ی وتوە بە دەسەلاتی ئایینی و سەدە ناوەڕاستی و دژە مرۆڤی کۆماری ئیسلامی ئێران. ڕەشبگیری، ئێعدام، ئەشکەنجە، دیاردە کۆمەڵایەتیەکان، یاسای دژە مرۆڤ و زیندان و سەرکوت و زەبروزەنگ هەردەم دیاری ڕژیم بووە بۆ خەڵکی کوردستان، ئەو ڕەوت و سیاسەتە نامرۆڤانە تا بە هەنووکە هەر بەردەوامە.

کۆماری ئیسلامی لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا بەهۆی سەرەڕۆیی و ملهوڕی و سیاسەتە شەڕانگێزانەکانی لە دنیای دەرەوە گوشارێکی زۆری لەسەر بووە کە هەمیشە دوکەڵی ئەو سیاسەتانە چووە چاوی خەڵکەوە. رژیم بۆ ئەوە سەرپۆش لەسەر سیاسەتە شەڕانگێز و دژە مرۆڤەکانی خۆی دانێ و ئەنگوستی تاوان بۆ لای لایەنە ئازادیخوازەکان ڕاکێشێ و کێشە و گرفتەکانی پەردەپۆش بکا جارێکی تر وەکوو ساڵانی سەرەتای بە دەسەڵات گەیشتنی دەستی کردووە بە گرتن و ئیعدام و ڕەشبگیری ئازادیخوازان. لە ماوەی یەک مانگی رابردووە تا بە ئێستا دەگا، دەیان چالاکی مەدەنی و یەکسانیخواز و بەرابەری تەڵەب لە لایەن دام و دەزگای سەرکوتەوە بە دیل گیران و حوکمی نارەوایان بەسەردا دەسەپێ و بێ سەوشوێن دەکرێن. ڕژیم کە خەریکە ئاخر پەلەقاژەکانی دەهاوێژێ هار بووە و دەرەقەتی قەیرانە ئابووریەکانی نایە و نارەزایەتی ومانگرتنەکانی خەڵک تەنگیان پێ هەڵچنیوە، بۆیە خەریکە بە توندوتیژی و زیندان و ڕەشبگیری وەلامی داخوازی خەڵک دەداتەوە، پیلانێک کە دەمێک سالە بۆ خەڵک ڕوون بووە و ناتوانێ خەڵک لە داواکاری مافەکانیان پاشگەز بکات. خەڵکی ئێران لە بواری شۆڕش و خەبات بە دژی دیکتاتۆری ئەزمونی چەندین ساڵەیان هەیە و کۆماری ئیسلامی بەوە گەیشووە کە پایەکانی دەسەلاتی لەرزۆک بووە و بەرەو دارمان دەڕوا. دوای هاتنی ڤایروس و نەخۆشی کۆرۆنا کە دەسەڵاتی سەرمایەداری شەرمەزار کرد لە بەرامبەر قەیرانەکان و گیانی مرۆڤەکان وڵاتانی ڕۆژئاوایی بە بیانوی پێشگیری لە پەرەسەندنی کۆرۆنا تا ڕادەیەک توانیان شۆڕشی خەڵک هێور بکەنەوە و رەوتی ڕوداوەکان و نارەزایەتیەکان بەپێی ویستی خۆیان بگۆڕن، بەلام هەروەک بینیمان سەرەڕای زەبر و زەنگ و گوشاری ڕژیم بزوتنەوەی کرێکاری و نارەزایەتیەکان لە ئێران نەتەنیا پاشەکشەی پێ نەکرا، بەڵکوو بە داخوازی زیاتر و ئەکتیڤتر و بە ڕێکخستنی باشتر ڕۆژ بە ڕۆژ خەریکە پەرە دەستێنێ و کۆماری ئیسلامی بەچۆکدا داهێناوە. بۆیە کۆماری ئیسلامی کە دەسەلاتێکی دیکتاتۆو و خوێنرێژە باش درکی ئەوە دەکات کە کۆتایی دەسەلاتەکەی نیزیکە و وەک هەموو دەولەتە دیکتاتۆرەکانی مێژوو لەناو دەچی. بە هیوای نەمانی کۆماری ئیسلامی و هاتنە ئارای سیستمێکی مرۆڤتەوەر و یەکسان و ئازاد کە مرۆڤەکان مافی وەک یەک و ژیانی ئاسودەیان هەبێ.



# ڤاکسینی کۆرۆنا ڤایرۆس لە نێوان ئەفسانەو زانستدا!

**وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە: شوان عەزیز**

وەری بگێڕمە سەر زمانی کوردی، بۆ ئەوەی سوودێک بە هاوڵاتیانی خۆشەویستی کورد زمان بگەیێنێت."

ئەمەی خوارەوە ئەو گفتوگۆیەیە کە بە شێوەی پرسیارو وەڵام لە لایەن پێشکەشکاری بەرنامەی "زانست لە پێنج"دا بە ناوی ڤیمیستە گوپتە سمیث و دوکتورە کاترین ئۆبرایندایە.

ڤیمیستە گوپتە- سمیث: چەندین دیعایەو پروپاگەندەو شتی ئەفسانەیی دەربارەی ڤاکسین و کۆڤید ١٩ بلاوبوونەتەوە. لە بەرنامەی" زانست لە پێنج دا "، هەوڵ دەدەین زانست و ئەو ڕاستیانە ڕوون بکەینەوە کە پەیوەندیدارن بەو پروپاگەندانەوە. بەخێربێن بۆ" زانست لە پێنج" دا، من ڤیمیستە گوپتە سمیث و ئەوەش گفتوگۆی "دەبلیوئێچ ئۆ" یە لە ڕووی زانستیەوە. ئەوڕۆ، دکتورە کاترین ئۆبراین وەڵامی پرسیارەکانی ئێوە دەداتەوە. بە خێر بێیت، کەیت.

دوکتورە کاترین: زۆر سوپاس و خۆشحاڵم کە لەگەڵ ئێوەدام.

**ڤیمیستە گوپتە- سمیث: کەیت، یەکێک لەو پروپاگەندانەی کە بەزۆری دەیبیسین بریتیە لەو ڤاکسینەو نەزۆکی. چ ڕاستیەکی زانستی لەپشتی ئەوەوە هەیە؟**

**دوکتورە کاترین:** ئەو ڤاکسینانەی ئێمە دەیاندەین ناتوانن ببنە هۆی نەزۆکی. ئەوە پروپاگەندەیەکە هەر لە ئارادابووە دەربارەی چەندین جۆری ڤاکسین، و بۆیە هیچ ڕاستی لەو پروپاگەندەیەدا نییە. ڤاکسینێک نییە کە ببێتە هۆی نەزۆکی.

ڤیمیستە گوپتە-سمیث: کەیت، پروپاگەندەیەکی تر لە ئارادایە  گوایە ئەو ڤاکسینە دەبێتە هۆی گۆڕینی "دی ئێن ئەی" ئایا زانست دەربارەی ئەمە چی دەڵێ و چ ڕاستیەکی تێدایە؟

دوکتورە کاترین: بەڵێ، ئەو پروپاگەندانەمان زۆر بیستووە. لە ئێستادا دووجۆر ڤاکسینمان هەیە کە پێیان دەگوترێ ڤاکسینی" ئێم ئاڕ ئێن ئەی" وە مومکین نییە کە ئەو ڤاکسینانە بگۆڕێن بۆ "دی ئێن ئەی" . هەروەها مومکین نییە کە " ئێم ئاڕ ئێن ئەی " بتوانێت کە " دی ئێن ئەی" خانەکانی ئێمەی ئینسان بگۆڕێت.

ئەدی " ئێم ئاڕ ئێن ئەی" چییە؟ ئەوە بریتیە لە فەرمان و تەعلیمات بۆ لەش کە پرۆتین درووست بکات. زۆربەی ڤاکسینەکان لە ڕاستیدا بەجۆرێک گەشەیان پێدراوە کە پرۆتین بدەن یان پێکهاتەیەکی بچووک لە میکرۆب بدەن کە ئێمە وا خەریکین لە دژی ڤاکسین بەکاردێنین. بۆیە ئەوە ڕیبازێکی تازەیە. لەجیاتی ئەوەی بێین ئەو پێکهاتە بچکۆلە بدەین، دێین فەرمان و تەعلیمات دەدەین بەلەشی خۆمان کە خۆی ڕاستەوخۆ ئەو پێکهاتە بچکۆلەیە دروست بکات، ئینجا سیستەمی بەرگری لەش ڕاستەوخۆ وەڵام بداتەوە.

**ڤیمیستە گوپتە-سمیث:  کەیت، پروپاگەندەیەکی تر کە بە بەردەوامی لە ئارادایە  دەربارەی پێکهاتەی ڤاکسینەکەیە. گوایە پێکهاتە کیمیاویەکانی ئەو ڤاکسینە زیان دەگەیەنن بەو کەسانەی ئەو ڤاکسینە لە خۆدەدەن. بە یارمەتیت دەتوانی ڕوونی بکەیەتەوە کە هیچ بەڵگەیەکی زانستی لە پشتی ئەو پروپاگەندەوە هەیە؟**

**دوکتورە کاترین:** ئەمە ئەفسانەیەو نادروستە. ئەو ڤاکسینانەی ئێمە هەمان سەلامەتن. هەموو ئەو پێکهاتانەی کە لەو ڤاکسینەدا بەکارهاتوون و چەندایەتیشیان بە تەواوی تاقیکراوەتەوە کە دەبێ بۆ ئینسان سەلامەت بن. ئەو ڤاکسینانە لە چەندین توخمی جیاواز پێکهاتوون و هەمووشیان تاقیکراونەتەوە. پێش ئەوەی لە ئینسان بدرێن، لەسەر ئاژەڵان تاقی کراونەتەوەو بۆ هەر جۆرە کێشەو نەخۆشیەک لەسەر ئاژەڵان تاقی کراونەتەوە. پاش تاقیکردنەوەیان لە تاقیگەداو تاقیکردنەوەیان لەسەر دەیان هەزار لە خەڵکی، ئینجا ڕێگە دەدرێ کە بخرێنە بازارەوەو بۆخەڵک بەکاربێن، و ئیجازەی بازاریان پێدەدرێت. سەلامەتی ئینسانیش بە گەورەترین بنچینە و پێوەر دانراوە لە هەموو ئەو تاقیکردنەوانەدا. هەموو تاکە ڤاکسینێک دەخرێتە بەر تاقیکردنەوەی سەلامەتیەوە ئینجا ڕێگە دەدرێت کە بکەوێتە بازارەوە. سەرباری ئەوەش، هەموو پێکهاتەکانی ئەو ڤاکسینانە لە ڕووی دروستکردنیانەوە دەکەونە بەرچاودێری و بەدواداچوونی ورد تاکو دڵنیا بن لە باشی چۆنایەتی" کواڵیتی" ئەو پێکهاتانە.

ڤیمیستە گوپتە- سمیث: سوپاست دەکەم کەیت. ئەوە  دوکتورە کاترین ئۆبراین بوو. ئەگەر پرسیاری زۆرترتان هەبوو دەربارەی ئەو ڤاکسینانە و دەربارەی کۆڤید ١٩، ئەوا پێمان ڕابگەێنن لە ڕێگای کەناڵەکانی سۆسیال میدیاوە. وە ئێمەش ئەوپەڕی هەوڵ دەدەین کە وەڵامتان پێبدەینەوە لە زنجیرەکانی داهاتوودا. هەتا ئەو کاتە و چاوپێکەوتنێکی تر، سەلامەت و تەندرووست بن و پاڵبدەنە زانستەوە.



# هەنگاوە پێویستییەکان بۆ دەسەڵاتداریتی شورایی

**نووسینی: عبدالرحمن رسول**

دەسەڵاتداریتی شورایی بەوجۆرە سیستەمە دەگوترێت، کە لەهەر هەنگاوێک و بریارێکدا پشت بەهێزی ڕاوێژکاری خەڵک دەبەستێت، بەواتایەکی ڕوونتر دیموکراسیێکی ڕاستگۆیانەی کرداریە لەناو جەماوەری خەڵکەوە هێزی گۆڕانکاری و نوێ بوونەوە و عەدالەتخوازی و مرۆڤ دۆستی و ئازادیخوازی و یەکسانیخوازی گەشە دەکات، جۆرێکی کرداری خۆبەڕێوەبەری خەڵکە بەگشتی بۆ ئیدارەدانی هەرەوەزکاری کۆمەڵگە لە ڕێگەی نوێنەرانی هەڵبژێردراوی ڕاستەوخۆی خەڵکەوە.

هەموو ئەوانەی کە دەڵێن بەدیلی سیستەم و دەسەڵاتی چەوسێنەرو دزو گەندەڵ نییە چ ئەوانەی لەناو دەسەڵاتدان و چ ئەوانەی خۆیان بەبەرەوەی دەسەڵات دەزانن مەبەستم خەڵکی سیاسی و ناسیاسی و خوێندەوارو نەخوێندەوارە و حیزبی و ناحیزبی و ئیسلامی و لیبراڵ و کۆمۆنیست وچەپ و هەرکەسێک بۆچوونی ئەوە دەربدەبڕێت کەپێی وایە هیچ جۆرە بەدیلێکی سیستەمی کۆنەخوازو چەوسێنەرو دزو گەندەڵ نییە یان ناتوانێت دروستببێت و بێتەکایەوە هیچ جۆرە بەدیلێک، ئەوە ڕاستەوخۆ بەبێ ئەوەی خۆی هەست بکات و ڕەزامەندیت لەبارەیەوە، خزمەتی ئەو سیستەمە بۆگەن وچەوسێنەرو دزو گەندەڵە دەکات. لە ڕاستیدا بەدیلی دەسەڵاتی ملهوڕی چەوسێنەر هەمیشە هەبووە ئەویش خودی دەسەڵاتداریتی کرداری خەڵکە، کە پێویستە خەڵکی نارازی بەسەرکوت و چەوسانەوە، نارازی بەکوشتنی ژنان و ڕۆژنامەنووسان و هەڵسوراوانی شۆڕشگێری سەرشەقامەکان. دەبێت ئیرادەی خۆبەڕێوەبەری کۆمەڵگە لەلایەن هەر مرۆڤێکی نارازییەوە گەشەی پێبدرێت کەتاکەکانی کۆمەڵگە خۆیان لەڕێگەی شوراکانی خۆیانەوە کۆمەڵگە بەڕێوەبەرن. گەنجان و لاوان لەجیاتی بێزاری و نارازی بوونیان بە کۆچکردن و ئاوارەیی و لەڕێگای کۆچدا بەتاڵ بکەنەوە ئەرکیانە ئەمە پێچەوانە بکەنەوە بە ڕەوتی شۆڕشگێری لەڕێکخراوبوونیان لەبزوتنەوەی جەماوەری دا کەهێزی ئیرادەی ئیدارەدانی خەڵک لەهەماهەنگی وهاوپشتی دا بەهێزبکەن. گەنج واتە هەبوونی ئیرادەیەک بۆتێکۆشانی ئاسۆیەک و ژیانێکی باشتر. گەنج بوون واتە بەردەوام نوێ بوونەوەو پێداچوونەوە بە نەخشەو بەپلانەکانی بۆ هێنانەی ئاسۆیەکی نوێ. لەبەرئەوەی بەردەوام شۆڕشی زانستی و تەکنۆلۆجیایی جیاواز لەزانیاری و زانستەکان دێتە مەیدان بەهۆی بیرکردنەوەو داهێنانی بیرمەندانەوە، بۆخۆگونجاندن و سوود لێوەرگرتن گەنج ناچار دەکات پلان و بەرنامەی تازەی هەبێت بۆیە ئەو گەنجە سەرکەوتووە کەتواناو ئیرادەی هەیە لەگەڵ شەپۆلەکانی سەردەمدا مەلەبکات. بۆیە لەگەنج بوون تەمەن دیاری ناکرێت، چونکە مرۆڤ لەڕوویی تەمەنەوە کەمیش بێت کە ئیرادەی نوێ بوونەوە و گۆڕانکاری نەبێت دەچێتە قۆناغی وەستان و چەمانەوە هەروەک مرۆڤێکی بەتەمەن زۆر (پیر) کەتوانایی ڕێگا ڕۆشتنی نەبێت بەتەمەڵی بڕوات. ئەم جۆرە مرۆڤانە بەردەوام بێ ئومێد و بێ ئیرادە دەبن. لەم دەرئەنجامدا دەگەیەنە ئەوە کە هەربۆیە حیزب و ڕێکخراوە کۆمۆنیست و شیوعییەکان بێ ئیرادەن لەمەیدانی هەڵسورانی جەماوەری کرێکاری و خەڵکی نارازیدا کە بەردەوام چەماونەتەوە لەبەرامبەر کاریگەربوونی پروپاگەندەکانی هێزی کۆنەپارێزی و دزو گەندەڵکاری کەبانگەشەی دژە حیزبی ناڕاستەوخۆ دەکەن و دژ بەرێکخراوبونی هێزی نارازی جەماوەری دەکەن. بۆیە حیزبە کۆمونیست وشیوعییەکان هەروەک مرۆڤێکی بەتەمەن کەتوانای بەرێگا ڕۆشتنیان نەماوە لەناوجەماوەری نارازی دا. بۆیە گرینگ وپێویستە گەنج هەتا کۆتایی تەمەنی بەگەنجی بمێنێتەوە لەگەڵ شەپۆلەکانی سەردەمدا مەلە بکات بۆهێنانەدی کۆمەڵگایەکی باشتر. بۆ حیزبە شیوعی وکۆمۆنیستەکانیش هەر ڕاستە.

کە بگەڕێینەوە مێژوویی تێکۆشانی شیوعی لەسالانی سی و چل وپەنجاکانی ڕابردووەوە سەرکردە و ڕابەرانی حیزبی شیوعی پێکهێنەرو خولقێنەری نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکانی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش و چەوساوەی عێراق بوون. ئەمە دەرئەنجامی جۆری تێکۆشانی هاوڕێ فەهد و هاوڕێکانی بوو کە بەهۆی هەبوونی کاریگەرییەکانییەوە دەسەڵاتی چەوسێنەرو سەرکوتکەری عێراق لەسێدارەیان یەکێک لە وتە گەوهەرییەکانی کەدەڵێت (شوعیت لەمردن بەهێزترە و لەپەتی سێدارەش بڵندترە) ئەم وتەیە هێزی هەبوونی ئیرادەی تێکۆشان بۆ هێنانەدی ژیانێکی باشتر بەمرۆڤ دەبەخشێت، ئەکرێت لەژێر لێکدانەوەو تێگەیشتنی ئەم وتەیەدا جوانترین خەرمانەی هێزی شۆرشگێری هاوخەباتی لەژێریدا بنیاد بندرێت، بۆسەرجەم قۆناغەکانی کۆمەڵگە و بۆقۆناغی ئێستا زۆریش گونجاوە کە هێزی نارەزایەتی خەڵکی چەوساوەو کرێکاری عێراق وکوردستانی تێدا ئاراستە بکرێت. ئەم وتەیە نیشانەی ئەوەیە بیروباوەری کۆمۆنیستی و سۆشیالیزم لەکۆمەڵگەیەدا کە چەوسانەوە و هەژاری و بێکاری و

بۆ لاپەڕە 14

## پرسی ژن ؟



توندوتیژی دژ بەژنان، لە هەڕەشەو سوکایەتیەوە بۆ لێدان و تیرۆرکردن، یان ناچارکردنی ژنان بە خۆکوژی، دیاردەیەکی شەرماوەری کۆمەڵگەی کوردستانە... بەمەبەستی تاوتوێکردنی بنەماو هۆکارە سەرەکیەکانی توندوتیژی و ڕێگەگرتن و کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە، بۆ پێشەوە، ئەم تەوەرە تایبەتییەی کردۆتەوە کە لەهەر ژمارەیەکی دا لە ڕێگای وتار، دیمانە،

ڕاپۆرت، بابەتی وەرگێڕدراو... تیشك دەخاتە سەر هەلومەرج و پرسی ژنان و خستنە ڕووی ئەزموون و ڕێگاچارەی ئینسانی و یەکسانیخوازانە..

**بەرپرسی گۆشە: شوانە حەسەن ئەبوبەکر**

# "ناهۆشیاری کۆمەڵگە و توندوتیژی بەرامبەر ئافرەتان"



بەپێی زۆربەی ئەو پێناسە جیهانییانەی، کە بۆ توندوتیژی کراون، بریتییە لە: "هەموو ئەو (کردار، رەفتار، ئاماژە، قسە و جوولانە)، کە بەبێ خواستی خۆی بەرامبەر کەسێک ئەنجام دەدرێت". کەواتە توندوتیژی جەستەیی و دەروونی، شوێنەوار و کاریگەریی خۆی جێ دەهێڵێت. ئیتر لەلایەن هەر کەسێکەوە بەرامبەر کەسێکی تر بکرێت.

مرۆڤ لە هەست، غەریزە و پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیاندا یەکسانن، هیچ مرۆڤێکی ئاسایی نایەوێت کەرامەتی لەکەدار بکرێت، یانیش قسە و ئاماژەیەکی ناشایستەی بەرامبەر بکرێت. زۆرجار کەسەکان لە حاڵەتی بێدەسەڵاتی، یان ناهۆشیاریدا، بەشێک لە توندوتیژییەکان قبووڵ دەکەن، بەڵام مەرج نییە ئەم بێدەنگی و بەرگەگرییە تا سەر بێت. ئەگەر وەکوو خۆی و لە کاتی خۆی وەڵام نەدرێتەوە، بە جۆر و شێوازی تر و لە کاتی جیاواز، دەرهاوێشتەی خۆی دەبێت.

ناوەناوە کەسانێک لەژێر ناونیشانی (پیاوانی ئایینی) بە ئارەزووی خۆیان و بێ سنوور قسە بە ئافرەتانی کۆمەڵگە دەڵێن، ئەوان ئایینیان کردووەتە ئەو پەنایەی، کە بۆ هەر قسەیەکی توندوتیژی بڕۆنەوە پەنای، بەهۆی بەکارهێنان و بەدەستەوەگرتنی ئایین، سۆزی بەشێک لە خەڵک ئیستیغلال دەکەن و رەوایەتیی بەم دەستدرێژکارییە دەدەن، و رۆژانەش دوبارە دەبێتەوە. ئەم دینداررییەی، کە ئەم جۆرە کەسانە بە کۆمەڵی دەفرۆشنەوە، نە بە قازانجی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی و نە بەرژەوەندییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان و بەهاکانی ئینسانە، بەڵکوو لە سەردەمی تەکنۆلۆژیا و کرانەوەی کۆمەڵگە، لەجیاتی ئەوەی هەست بە بەرپرسیارێتی بکەن، هەندێ قسە فڕێ دەدەن، کە لێکترازانی کۆمەڵایەتی دروست دەکات، ئەمەش لەهەر شتێ زیاتر ئاشتیی کۆمەڵایەتی دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

کەسانی هۆشیار و بەئاگا لە پێشکەوتنە خێراکانی جیهان و سەردەمی گلۆبال و عەولەمە، تێدەگەن کە ناتوانرێت بەر بە گۆڕانکارییەکان لەسەر هەر ئاستێکی ژیاندا بگیرێت، ئەو جەهلەی، کە پێشتر بەناوی جیاجیا لە کۆمەڵگە بڵاودەکرایەوە، کرانەوە و خوێندنیان بە عیلمی ئیبلیس وەسف دەکرد. ئێستا لە هیچ کوێی ئەم گوندە جیهانییەی، بەهۆی تەکنەلۆژیاوە دروست بووە، جێگایان نابێتەوە. بۆیە ناتوانرێت ئەوەی پێشتر دەیانکردە جێی باوەڕی کۆمەڵ و لەژێر ناوی جیاواز پێگەی کۆمەڵایەتی بۆ دروست دەکردن، ئیتر درێژە بکێشێت.

ئەوەی ئێستا لە بەشێک لەو پیاوانە یان ئەوانەی بەناوی ئایینەوە دەیانەوێ فەتوای دابەشکردنی کۆمەڵ بدەن، بەر لە هەر شتێ هەست دەکەن، کە پێگەی کۆمەڵایەتییان لەمەترسیدایە، چونکە کاتێک کۆمەڵگەیەک دامەزراوەی تێدابێت، ئەو کەسانە شوێنیان لەق دەبێت، هاوکات پێشکەوتنی کۆمەڵگە لەسەر ئاستە جیاجیاکان و ئاگایی خەڵک، جارێکی تر شوێنی ئەوان لێژ دەکات.

لە لایەکی ترەوە هەڵپەی ناوبانگ و سەرقاڵکردنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بەشێک لە راگەیاندنەکان بەخۆیانەوە، ئامانجێکی تری ئەم قسە فڕێدانەیە، کە سەردەمێک بە ناوی ئۆپۆزسیۆن بوون و دواتر بەناوی ئایین و... بڵاو بوو. ئەو قسەوباسانەی، کە بەناوی ئایین و دابونەریتەوە دەرهەق بە ژنان ئەنجام دەدرێت، ئەوپەڕی توندوتیژی و برینداركردنی هەستیانە.

هاوکات پسپۆڕانی بواری کۆمەڵناسی و دەروونی، ناشێ مەترسییەکانی ئەم توندوتیژییە هەست پێ نەکەن، لەکاتێکدا جۆرەها کێشە لە کۆمەڵگەدا هەن، بەهۆ و بێهۆ قسەی توند و بێ بنەما رووبەڕووی ئافرەتان بکرێتەوە. هەروەها کەناڵەکانی پەروەردەکردن لە کۆمەڵگە/ خوێندن و فێرکردن، خێزان، حزب، قوتابخانە و زانکۆ، هەریەک بەپێی قەبارەی خۆی بەرپرسیارێتی و ناهەمواریی کێشەکانی کۆمەڵگەی بەردەکەوێ، هیچیان لەم ناکۆکییە کۆمەڵایەتییانەی هەن بێبەری نین، بەڵام حکوومەت و دەسەڵات لە رێکخستن و رێگەنەدان بە لە سنوور دەرچوونی هەریەک لەم کەناڵانە، بەرپرسی یەکەمە، چونکە ئەو دەسەڵاتی جێبەجێکار و بەرپرسیارە لە هەر رووداوێکی کۆمەڵ. کەواتە و دووبارە دەڵێین، حکوومەت بەرپرسی یەکەمە لە رێگەگرتن لەم توندوتیژییە.

بەکورتی، کاتی ئەوە هاتووە، ئەرک و مافی پیاوانی ئایینی لە کۆمەڵگە و چوارچێوەی کاری حکوومەتدا دیاری بکرێت، و ڕێگەنەدرێت چیتر دەست وەربدەنە ژیانی کۆمەڵایەتی و تاکەکانی کۆمەڵگە، دین کاری تایبەتی کەسەکانە و پێویستە بە تەواوەتی وەکو دنیای شارستانی، لە دەوڵەت و یاساو خوێندن و پەروەردە جیابکرێتەوە و وەکو کارێکی کەسی تەماشا بکرێت... کە هەر ئەمەش خزمەت بە سەرجەم جەماوەری کوردستان و سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵ دەکات...

**نووسینی: شوانە حەسەن ئەبوبەکر**

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

## کرێکاران، زەحمەتکێشان،لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!

بڵاوکراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی نارەزایەتی سۆسیالیستیتانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی لێبراوە بۆ رووبەڕوبوونەوەی فکر و ڕاگەیاندنی دارزیوو فریوکارانەی بۆرژوازی و بزوتنەوە ڕەوتە سیاسی و فکری و حزبییەکانی... بڵندگۆی بانگەوازی هاوچینەکانتانە بۆ هاوپشتی و هاوخەباتی، وە دەنگ و مینبەری ڕاستەقینەی ئێوەیە لەدژی هەر زوڵم و ستەمێك کە لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری ئێستادا، بەرامبەر ئێوە دەکرێت... لەیەك وشەدا، بۆ پێشەوە، سەکۆیەك و مینبەرێکە لە بەرەی شۆرشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکاردا، بۆ ژێروژورکردنی دنیای زاڵمانەی سەرمایەداری و دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستی...

بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بیاتە پێشەوە، لە هەواڵی نارەزایەتییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و ڕێگریەکانی بەردەم خەبات و یەکگرتوویتان، بەردەوام ئاگادارى بکەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سێیەریان، دەیانەوێ بەلاڕێ، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو ڕاستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە ڕێگای بۆپێشەوەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تاڵانی دەسەڵات و کۆمپانیاکانیان، هەواڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنییەکان... بە ئێمە بگەیەنن. بۆپێشەوە، دەنگی سازش هەڵنەگرو سەکۆی ڕاستیێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەمەی خوارەوە ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە..

bopeshawa@gmail.com

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاوەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان رێك دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر و هیوا سالّح، حەکیم میرزا



# بەیانیەك بەگۆچان دەڕوات

## حەکیم میرزا

دڵم خراپ لێدەدات
گوێم لەتەقەی کەوتنەخوارەوەی
ئێنجانەیەکە لەسەر قەراغی مردن
ئەمەوێت خۆم بەرزکەمەوە ناتوانم
ئەمەوێت قەسیدەیەکی ترت بۆ
بنوسمەوە
ناتوانم
ئەمەوێت و ئەمەوێت

وێنەیەکی منتالیە تکایە بەرەشەبادا
بۆم بنێرەوە
چش ئەگەر سەرو گوێلاکیشت شکاندبێت
قەسیدەیەکم لاتە تکایە بلاوی مەکەرەوە
هیچ نەدەبوو
ئەگەر سەرم بەلاشەمەوە نەبوایەو
ئەوەندەش گێل نەبومایە
تکایە قەسیدەکانم بەبادا بۆپۆست کەرەوە

دڵم خراپ لێدەدات
برادەرێکم هەیە بەدەنگی بانگی
بەیانی نەبێت خەوی لێناکەوێت
ناوی عوسمانە
تکایە قەسیدەکەم  بلاومەکەرەوە
چونکە دەزانم تۆ دەمت پیسەو
هەزاروو یەک درۆ بەدەمەوە دەکەیت

دڵم زۆر خراپ لێدەدات

دەزانم کەباران دەبارێت
تۆ پەنجەرەکان پێوە دەدەیت
دەرگاکان لەسەر ورتە ورتەکانی دایکم
دادەخەیت
تکایە قەسیدەکەم لاتە بلاوی مەکەرەوە
خوا!! دەیزانێت
ئەو  قەسیدەیەم چۆن نوسیوتەوەو
هەرشەوەی
بەشێکی جەستەم پیادا داوەو
ئەم هێشتووە سەرمای بێت

دڵم خراپ لێدەدات
کەدەگەمە ئاست سێبەرە زامدارەکەی
خۆم حەزدەکەم
قەسیدەکەم بۆبنێریتەوە
چونکە دەزانم لای تۆ سەرمای دەبێت
لای تۆ هەڵدەلەرزێت
دڵم زۆر خراپ لێدەدات

وێنەیەکم لاتە
تکایە بلاوی مەکەرەوە
چونکە دەزانم خەڵکی گاڵتە پێدەکات
نامەوێت هیچ شتێکی ترت بۆبنوسم
چونکە دەزانم نایخوێنیتەوەو
دەیسوتێنیت

دڵم زۆر خراپ لێدەدات

ئەڵێی ئەم دەڤەرە چۆڵەیە
چۆلەکەیەکی تیانافڕێت
بارانێکی تیانابارێت
گۆرانیەکی تیاسەوزنابێت

تکایە قەسیدەکانم بۆبنێرەوە
نامەوێت تۆزیان لەسەر بنیشێت و
بێتازبن
دڵم زۆر خراپ لێدەدات
ئەڵێی ئەم دەڤەرە سەرسپییە بەگۆچان
دەڕوات

کاتژمێرەکەی دەستم دەشکێنم
لەگۆرستان گۆرانیەک دەڕوێنم و
شیعرێکی بۆ دەکەمە چەترو کراسێکی
ئاودامانی لەبەردەکەم
دڵم زۆر خراپ لێدەدات
ئەڵێی حوزنی یەکەم بەیانی جەژنەو
هیچ کەسێک پیرۆزبایی لێ ناکات

تکایە قەسیدەیەکم لاتە
بەکوژراویش بێت
بۆم بنێرەوە
دڵم زۆر خراپ لێدەدات
ئەڵێی ئەم بەیانیەی دایکمە
هەرتەماشای دەرگاکەی دەرەوە
دەکات



# بەندێک هەڵلە، بیبێتاقەتم

## ئارام حەسەن

ئا تخوا بەندێک هەڵلە، بیبێتاقەتم
- جا هیچ ماوە پیاهەڵلێن
- بۆ نەماوە، بەسەر حوکمەتا هەڵبیە
- کام حوکمەت؟
- ئەمەی لای خۆمان
- مەڵێ حوکمەت با گوناحبار نەبێ، کەی ئەمە حوکمەتە
- ئەی چییە؟
- کەڵەکەترێیە
- بابە، ترێیە تسییە هەچی هەیە، تۆ پیاهەڵلە، ئیتر چییەبێ بابێ
- ئەرێ، ئـــــایی
بۆت دەڵێم لەو بەندانە
بە جوملە و دانە دانە
سوێنبێ بە چاوی خونچە
ئەو دزە ئامۆزای ورچە
حوکمەتی نها و نووچە
هیچ و هەتیوچە و پووچە
تۆرانی ماچ و مووچە..

# بۆ کارڵ مارکس

بۆ کارڵ مارکس
ئەوەندەی ئەو
ئەوانی ئەناسی...
ئەوەندە خۆی نەناسیوە ....
سەرمایەداری
جوانترین کەس لای ئەو
کرێکار بوو....
کرێکاران بەو جوانی یەوە ....خۆیان
نەبینیوە
خۆشەویسترین کەس لای ئەو
هەژاران بوو....

ئەوەندە خۆیان خۆش نەویستووە
هەژاران
ئەو
بینایی چاوەکانی دانا
بەدیار مۆم ودوکەڵ و...پەڕەو
کاغەزەوە
هەتا وانەکانی ژیانی نوسیوە
کۆیلەبوونی ... بەتاوان دانا
مرۆڤبوونی...لە هەموو شتێ بە بەهاتر
دانا

سوژدەی دەبردوو
دەهات بەچۆکا بۆ (جێنی) هاوژینی
( ژن ) بۆ ئەو
وەک تیشکی خۆر ....وەک خوا بوو
بێ باک بوو
لە مردن ...چوار لە منالەکانی لە
نەبوونی و لە برسانا مردن و
ئەو هەر لەخەمی
منالە برسییەکانی جیهاندا بوو

نووسینی: ئەحمەد جوانکار

شیعر:نیعمەت موڕادی
وەرگێر:خالیدبابە
زیدی (دلیر)



هەرکاتێک!
بۆن عەتری ژن
لە بیناکەدا
بڵاو ئەبێتەوە
کرێکارەکان
خوری حەزەکانیان
لە دەرونیان دا هەڵدێت
توانای
دەستەکانیانبەهێزتر ئەبێت
بونی عەترکە لەسەر خشتەکان
ئەنیشێت...
کرێکارەکان
بونیان بەخشتەکانیشەوە ئەکرد

# بەسەر کردنەوەی ئەدیب و هونەرمەندان

## لەم ژمارەیەدا هەریەك لە ڕزگار حەمە ڕەشید و بورهان قەرەداغی

## بەسەر دەکەینەوە... سازدانی: ئەحمەد جوانکار

**ئەحمەد جوانکار: بەلای تۆوە هونەر یان شانۆی ڕاستەقینە چۆنە؟**

**ڕزگار حەمە ڕەشید:** ڕەنگە ئاسان نەبێت هونەری ڕاستەقینە لە ناڕاستەقینە جیا بکەینەوە، دڵنیاش نیم پۆلێنکارییەکی لەو شێوەیە هەیە یان نا، لەگەڵ ئەوەشدا هونەرێکی ڕاستەقینە بە بەراوورد بە هونەرێکی ساختە لە دەستنیشانکردنی کۆپیی و ئۆریجیناڵدا ئاسانترە، ئەوەی بۆ نموونە زۆربەی هونەرمەندە شێوەکارەکان کۆپیی تابلۆیەکی ڤانکۆخ دەکەن یان هی پیکاسۆ، هەرچەندە هەمان کەرەستەش بەکار هاتبێت و بەتەواوی و بێ هیچ جیاوازییەک هەمان تابلۆ دروسبکاتەوە، هێشتا ناتوانێت خۆی بە بەهای تابلۆ ئۆریجیناڵەکە بەراوورد بکات)مەبەستمانە باسی بەها بکەین، نەک نرخ). چونکە تابلۆ ئۆریجیناڵەکە لەدایکبووی چرکەساتی



مێژوویی خۆیەتی، وە لەسەر شانی هەموو داهێنانە هونەریی و فیکرییەکانی مێژوو تا چرکەساتی خۆی وەستاوە، درێژکراوەی ئەو هێڵەیە کە لە سەرەتاوە درێژبۆتەوە تا ئەو ساتەوەختەی کێشانی ئەو تابلۆیە. قۆناغێکی جیاوازی ژیانی مرۆڤایەتی مۆتیڤی سەرهەڵدانی شێوازە جیاوازەکانە لە بەرهەمە هونەرییەکاندا.

ڕەنگە لە گەڕانماندا بەدووی وەڵامی زیاتردا بتوانین هونەری باو لە هونەرێکی سەرکەش، لاسایی لە دۆزینەوە، مردوو لە خاوەن ئایدیای زیندوو جیا بکەینەوە. بەڵام دیسانەوە کێشەکە لەوێدایە کە ئەوەی ئێمە بە سەرکەش و دۆزینەوە و زیندوو دەیبینین، ڕەنگە لە شوێنێکیتر و لای کەسانیتر بە لاسایی و باوو مردوو ئەژمار بکرێت. بۆیە لە هەڵسەنگاندنی کاری هونەریدا ناتوانین کۆمەڵێک پێوەری ئامادە بهێنین و بیانسەپێنین بەسەر بەرهەمەکاندا. بەڵام ئەگەر کەمێک قووڵتر ڕۆبچینە ناو بەرهەمهێنانە هونەرییەکانەوە، ڕەنگە بتوانین قسە لەسەر داهێنان و تێپەڕاندن بکەین لە ستایەڵی کارکردنی کەسێکی دیاریکراودا، لێرەدا ئەوەی ڕۆڵی گرنگ دەبینێت لەو تەماشاکردنەدا، تەنیا بەرهەمەکە نییە، بەڵکو تێکڕای ئەو پاشخان و کەرەستە و ئایدیا و ستایڵانەی لەو بەرهەمهێنانە جیاوازەدا هەموار کراون. قۆناغێکی نوێ لە کاری هونەریی تەنیا بۆ مەبەستی نوێبوونەوە و جیاواز بوون نییە، بەڵکو بەگەڕخستنی دید و جیهانبینییەکی نوێشە بۆ ئێستا و ئاییندە..

**ئەحمەد جوانکار : ئەی هونەرمەندی ڕەسەن ئەبێ چۆنبێ ؟**

**ڕزگار حەمە ڕەشید:** هونەرمەندی ڕەسەن و ناڕەسەن لای من زیاتر پەیوەندی بە ئێتیکی کارکردنەوە هەیە. هونەرمەندێکی ڕەسەن لە بیرکردنەوە و ئەزموون و تێڕامانە تایبەتییەکانی خۆیەوە هەنگاو بەرەو بەرهەمهێنانی کارێکی هونەریی دەنێت. بەڵام هونەرمەندێکی ناڕەسەن، بیر و تێڕامان و ستایەڵی کەسانیتر دەهێنێت و بەناوی خۆیەوە کاریان پێدەکات. هونەرمەندێکی ڕەسەن لە ئەنجامی خۆماندووکردن و گەڕان و پشکنینەکانی خۆیەوە کارێک ئەنجام دەدات، ئەو کارە هەڵێنجراوی دڵەڕاوکێ و پرسیار و خوێندنەوەکانی خۆیەتی بۆ گرنگیی بەرهەمهێنانی ئەو کارە هونەرییە لەو ئانوساتەی خۆیدا. بەڵام هونەرمەندێکی ناڕەسەن چاوی لەسەر دۆزینەوەی ئەو بەرهەمانەیە کە لەو نێوەندە هونەرییەی خۆیدا نین و نەبینراوون، تا بیانهێنێت و بەناوی خۆیەوە بڵاویان بکاتەوە. هەموو کارێکی ڕەسەن لە کۆنتێکستی خۆیدا واتایەکی تەواو دەبەخشێت، ئەمە بەتەنیا بۆ هونەر نییە، بەڵکو بۆ هەموو بوارەکانیتری ژیانی مرۆڤایەتییشمانە. دەشێت هێڵێکی کارکردن، تێڕوانینێک یان تەنانەت تێزێکیش بخوازیت و لەپێناو بەگەڕخستنی بوارێکیتردا بەکاری بهێنین، بەڵام ناچاریت بە پیتی گەورە ناوی خاوەنەکەی بنوسیت و ئاشکرای بکەیت لە کوێوە وەرت گرتووە.

**ئەحمەد جوانکار: هونەرمەند لە چی کاتێکدا تووشی سترێس دەبێ ؟**

**ڕزگار حەمە ڕەشید:** بێگومان سترێس بەشێکە لە ژیانی مرۆڤ، هەمووومان بە ئەندازەی جیا جیا دووچاری دەبین، بەڵام گرنگە بزانین چۆن هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکەین. بۆ هونەرمەندیش بەهەمان شێوە. کاتێک بیر لە کارێکی نوێ دەکەیتەوە وەک هونەرمەندێک، خۆت لەبەرامبەر بەرپرسیارێتییەکدا دەبینیتەوە کە ڕووی لە خۆت و بینەرانیشە. ڕووی لە خۆتە چونکە دەتەوێت ئاراستەی کارکردنەکەت لەوانەی پێشووترت باڵاتر بێت. ڕووی لە بینەرانیشە، چونکە بیر لە جۆری وەرگرتن و پەرچەکرداری ئەوان دەکەیتەوە بەرامبەر بەرهەمەکەت. زۆرجار بوونی ئاستێکی دیاریکراو لە سترێس، ڕێگەخۆشکەرە بۆ دروسکردنی بەرهەمێکی باشتر، بەڵام ئەگەر سترێسەکە ئەو ئاستە ئاساییەی تێپەڕاند، دەبێتە هۆی سستبوون و تەنانەت وەستانیش لە بەرهەمهیناندا.. بە گشتی هەموو دەستپێکردنێک بڕێک لە دوودڵی و دڵەڕاوکەی تێدایە، بەتایبەتیش کە ئەنجامەکەی هێشتا نادیارە. دواتریش ساتەکانی دروستکردن تا تەواوبوونیش بە هەمانشێوە، لە کۆتاییشدا بەرچاوخستنی بەرهەمەکە. ئەم پرۆسەیە لە سەرەتاوە تا کۆتایی سترێسئامێزە، بەڵام بە بڕی جیا جیا و بەپێی هونەرمەندەکانیش جیاوازە.

*********

**ئەحمەد جوانکار: بەلای تۆوە هونەر یان شانۆی ڕاستەقینە چۆنە؟**

**بورهان قەرەداغی:** شانۆی ڕاستەقینە ئەو شانۆیەیە کە خزمەت بە ژیاندۆستی ومرۆڤدۆستی دەکات، هەڵگری گوتاری ئیستاتیکی ومەعریفی یە .

**ئەحمەد جوانکار: ئەی هونەرمەندی ڕەسەن ئەبێ چۆن بێ ؟**

**بورهان قەرەداغی:** هونەرمەندی زیندوو ڕوناک ئەو هونەرمەندەیە کە بەدوای جوانی بەها بەرزەکانی مرۆڤ دۆستی دا وێڵە و دژە بە هەموو جوداکارییەکی ڕەگەزپەرستانە. هەمیشە هزرو ڕوانینی بۆ ژیانێکی باشترو پڕ شکۆتر دەکۆشێت، هەمیشە دژە بە هەموو پێشێلکارییەک بەرامبەر هەرکەسێک بکرێت، ئەو لە قولایی بوون وهزرییەوە دژە بە دەسەلاتی سەرکوتگەر و دیکتاتۆری.

**ئەحمەد جوانکار: هونەرمەند لە چی کاتێکدا تووشی سترێس دەبێ ؟**

**بورهان قەرەداغی:** هونەرمەند ئەوکاتە سترێس دەبێت کە دەبینێ نادادی و زوڵم و زۆر بوونی هەیەو هەمیشە گەل قوربانی ئەو زوڵم وئەو بێ مافییە دەدات، بە دیوێکی تریشدا ئەوکاتە سترێس دەبێت کە لە نێوکارەکەیدا هەوڵ دەدات وتێ دەکۆشێت بە جوانترین شێواز وفەنتازیا وهونەر کارەکەی بەرهەم بهێنێت .

# گۆشەی ئەدەب و هونەر

## دەمە تەقێ

### گفتوگۆی هونەرمەند هیوا سالح لەگەڵ کاوان قادری هونەرمەند

هیوا سالح: ماوەیەک بەر لە ئێستە لە قەلادزێ دەستێک پەیکەری فەقێ ئەحمەدی دارەشمانەی شکاند کە لە لایەن هەردوو پەیکەسازی لاو ماموستا زانیار قادر و مامۆستا هادی هونەر لە دەروازەی قەلادزێ دروستکراوە، ئەم پەیکەرشکاندنە جگە لەوەی بە کارێکی نامرۆڤدۆستانەو نا ڕۆشنبیری و ناهونەری لەقەڵەم دەدرێت و نەوەکانیشی ئەمە بە سوکایەتی باپیرەگەورەیان و ڕەمزی نەتەوەیی دەزانن، شکاندنیشی بە ئیهانەکردنی نەتەوەی کورد دەزانن، لای هەندێکیش لێکدانەوەی ئەوەی بۆ دەکەن ئەو کارە هێرشکردنە سەر شکۆو سیمبوڵی کورد بە تایبەت پشدەر هەژمارد دەکرێت، لە لایەکی ترەوە هەندێک کەس لایەنی پەیوەندیدار بە بەرپرسیار دەزانن لەبەرامبەر ئەو کارەدا . تۆ وەک هونەرمەندێک کە خاوەنی هەمان موعاناتی و تۆش پەیکەریان تێک داویت لەو بارەوە چی دەڵێیت؟

کاوان قادر: لە ڕاستیدا پرسیارەکەت دوو لایەنی هەیە یەکەم ئەوەیە کە موعاناتی من وەک هونەرمەندێک چیم بەبیر دێنێتەوە لە کاتێکدا منیش پەیکەیان شکاندووم؟ دووهەم ئەو لێکدانەوانەی بۆ شکاندنی ئەم پەیکەرە دەکرێت، من هەوڵ دەدەم زیاتر سەبارەت بە لایەنی دووهەم وهۆکارەکانی قسەیەک بکەم. شکاندنی پەیکەری فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە، لەفەزایەکی کۆمەلایەتی و قەیرانگرتوی سیاسی و ئابوری ئەمرۆی کوردستاندا ئەم ڕوداوە ئاماژەیەکە بۆ



بێتوانایی دەزگا ئەمنی و ئیداریەکانی دەسەلات لەپاراستنی دۆخی کۆمەڵایەتیدا، ئەگەرچی شکاندنی پەیکەر سوننەتێکی تازە نییە لە مێژووی حوکمڕانی دەسەلاتداریێتی بۆرژوازی کورد دا، بەلام دەستبردنی ئەمجارە بۆ پەیکەرەکان لەلایەن گروپە سەلەفیەکانەوە، بەرئەنجامی بێتوانیایی دەزگا ئەمنیەکان و نەمانی بیبڕواییانە لەنیو جەماوەردا. دەزگایەک کەناوی ئاسایشی لێنراوەو گوایە بۆ پاراستنی سەلامەتی کۆمەڵایەتی و سیمای شار دامەزراوە، بەپێچەوانەوە هێندەی ئەو سەرگەرمی پاسەوانچێتی تلیاک فرۆشی و نەوت فرۆشی و قاچاخچییەکانی خواردن و دەرمانی بەسەرچووە هێندە لە خەمی کۆمەڵگەدا نییە، لەم ڕوەوە بۆتە جێگەی بێز و نەفرەت. ئەم دەسەلاتەی کە خۆی لە زۆر مەیداندا بووتە ڕێچکەشکێنی و پێشێلکاری و یاسا شکێنی وعەنتەری، بێ گومان لە جێکەوتنی سوننەتی لەو جۆرە باشتری لێ چاوەڕوان ناکرێت.

مارکس وتەنی:(ئەفکاری زاڵی هەرکۆمەڵگەیەک ئەفکاری چینی باڵادەستە) لەم سەردەمە قەیرانگرتوەی دەسەلاتداراندا، لە کاتێکدا تەنها کاریان بۆتە سەرکوتی خۆپیشاندانی خەڵکی نارازی کوردستان و لێرەشەوە دەستی ئەوانەی ئاوەلاکردووە، کە ڕقی کۆنەپەرستی خۆیان بەپەیکەرێک بڕێژن

لەمێژوودا پەیکەر شکاندن ئەو لایەنەشی هەیە کە نارەزایەتی بەشێکی کۆمەلگەیە بە سومبولەکانی جولانەوەو دەسەلاتێک بۆ نمونە شکاندنی پەیکەرەکانی هێتلەرو مۆسۆلینی.. لەم ئاخریانەشدا کاتێک بزوتنەوەی داکۆکی لە ڕەشپێستەکان لەئەمریکا سەری هەڵدا لەدژی ترامپ بەدوای کوشتنی جۆن فلۆید .. جولانەوەی دژی ڕاسیستی لەبەریتانیا کەوتە شکاندنی ئەو پەیکەرانەی کە سومبولی دەسەلاتی ئەوکاتەبوون و کاریان تیجارەت بووە بە کۆیلەو ڕەشپیستەوە دەستی پیکردو دەیان پەیکەریان شکاند، بەلام شکاندنی پەیکەری دارەشمانە دوورە لەم هۆکارانەی سەرەوە کە باسم کردن، ئەوەی من مەبەستمە لێرەدا کاتێک باس دێتە سەر شکۆی میللەت وسمبوڵ و ... هتد ئەمە ئیتر جێگەی ڕەخنەیە (سیمبوڵ وشکۆ و ڕەمزی نەتەوایەتی) ئەم دەستەواژانە ئیتر کەمپینێکە بۆ هەڵخراندنی سۆزی نەتەوەیی، ئیمە دەبێ ئەو ڕاستییە نەشارینەوە تەنانەت ئەگەر تاڵیش بێت کە ئەو پەیکەرە شکۆو ڕەمزی نەتەوەیەک نییە، لەو بارەوە نابێ بکەوینە هەڵەوە، دارەشمانە مێژوویەکە، بەلام شکۆی میللەتێک نییە، دەتوانین بڵێین ڕەمزی ئەمارەتەکان و چینی دەرەبەگ و خاوەن زەوی و میرنشینەکان بووە، نەک سیمبوڵی نەتەوەیەک و خەڵکی هەژار، نابێت ئەوە لەیاد بکەین لەم شارە و مێژوەکەیدا دەیان کەسایەتی جوتیارو پالەی نارازی و خەباتگێرو وشەرافەتمەند لەژن و پیاو هەیە کەلەدژی دەرەبەگەکان تێکوشاون. بۆچی ئەمە بە مێژووی خۆمان نەزانین؟ بۆچی بەمێژوو نەنوسراوەتەوە؟ هۆز و میرنشین وئیمپراتۆرەکانیش ئەگەر شەریشیان کردبێت لەسەر زەوی و فراوانکردنەوەی قەڵەمرەوی دەسەلات بۆ خۆیان بووە، هەروەک ئەمرۆ کە پارتی ویەکێتی دژ بەیەک دەیکەن، بۆ شکاندنی ملی یەکترو قەڵەم ڕەوی دەسەلاتی خۆیان لە کوردستاندا، پرسیارەکە ئەوەیە لە ٥٠ ساڵی داهاتودا ئەگەر ناسیونالیستەکان جارێکی تر مێژوو بنوسنەوە خۆیان وەک سیمبوڵی نەتەوە دەناسێنن، بەڕاستی پێویست ئەکات باسی بکەینەوە کە لە ماوەی ٣٠ دەسەلاتیاندا چییان بەسەر ئەو خەڵکەدا هێناوە؟ پێویست ئەکات تاوانەکانیان ژماردە بکەین؟ باسی مێژوو دەکەین؟ لە ڕاستیدا مێژوو بەرهەمی خەباتی چینەکانە، ڕوداوە مێژوویەکانی رابردوو و ئیستاو داهاتوش بەرهەمی خەباتی چینایەتیە لەهەردەورەیەکدا، ئەو مێژووەیە کە دەبێ بە خەتی گەورە بنوسرێتەوە، ئەگەر بۆچوونی منت ئەوێت من نامەوێ بۆ ئەوەی هونەرمەندێکی جێی ڕەزامەندی ئەو عەقڵییەتە باوە بم لە دەرکێکی ناسیونالیستییەوە بۆ مێژوو بڕوانم و خۆڵ

بۆ لاپەڕە 14

# تاهیر حەسەن: ڕەوتی سیناریۆیەکی بەزۆر داسەپێنراوی کۆنەپەرستانە،کە ساڵی ٢٠٠٣ بەهەڵگیرساندنی جەنگێکی خوێناوی لەلایەن دەستەی فەرمانڕەوای ئەمریکاوە لە دژی خەڵکی عێراق دەستی پێکرد، لە غیابی ئەڵتەرناتیڤێکی شۆڕشگێڕانەی پێشڕەودا، دەبوو بەئێرە بگات



## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ هاوڕێ تاهیر حەسەن کادری ڕابەری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان سەبارەت بەململانێی نێوان بەغدا و هەولێر بەرەو کوێ؟....

**بۆپێشەوە: ماوەیەکە چارەنووسی ژیان وگوزەران وتەنانەت پارووی دەمی خەڵکی کوردستان بەستراوەتەوە بە یەکلایی کردنەوەی کێشەی نێوان حکومەتی ناوەند لە بەغداو حکومەتی هەرێم لە هەولێر، بە بڕوای تۆ ڕیشەی کێشەکە چییە و بۆچی ڕێک ناکەون؟.**

دیانەت وتایەفانە هەڵگیرسا و زیاتر لە١ملیۆن ئینسانی تێدا خەڵتانی خوێن کرا.

لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس، یەکێتی وپارتی بەوهۆیەوە کە لەساڵی ١٩٩١ەوە لەکوردستان دەسەڵاتی تاڵان وبڕۆییان هەبوو، و چەکو پارەیان پێکەوە نابوو، بۆیە لەهەموو هێزەکانی تر زیاتر وەک هێزێکی بخۆن ئێمە لە مەترسی بەدوورین. ڕاستیان دەکرد، چونکەپایەی دەسەڵاتەکە خۆی لەسەر ئەوە دامەزراوە، کەمل کەچ بێت بەوەی کە هەر لایەنە هێزی خۆی لە بێهێزکردنی بەرامبەرەکەیدا پێناسە بکات.

ئێستا ئیتر ئەو هاوسەنگی هێزە گۆڕاوە، بۆیە لەگەڵ خۆیدا تەوافقێکیش کە لەسەر

لەگەڵ دەسەڵاتی بۆرژوا ناسیونال ئیسلامی ناوەند. ئەم قەیرانە بەر لەوەی ئابووری و مەسەلەی مووچە بێت، لەبناغەدا سیاسیە. هێز گەلی ناوەند خەریکن قەڵەم ڕەوی دەسەڵاتیان فراوان دەکەن، یەکێتی وپارتیش هەوڵدەدەن ئەوەی هەیانە بپارێزن. کێشەی هیچ لایەکی ئەم دوو بەرەیە بە ئەندازەی نوکە دەرزیەک پەیوەندی بە باشکردنی ژیانی خەڵکی عێراق و کوردستانەوە نییە.

**ئەم قەیرانە بەر لەوەی ئابووری و مەسەلەی مووچە بێت، لەبناغەدا سیاسییە. هێز گەلی ناوەند خەریکن قەڵەم ڕەوی دەسەڵاتیان فراوان دەکەن، یەکێتی وپارتیش هەوڵدەدەن ئەوەی هەیانە بپارێزن .کێشەی هیچ لایەکی ئەم دوو بەرەیە بە ئەندازەی نوکە دەرزیەک پەیوەندی بە باشکردنی ژیانی خەڵکی عێراق و کوردستانەوە نییە.**

**طاهرحسن:** ڕەوتی سیناریۆیەکی بەزۆر داسەپێنراوی کۆنەپەرستانە،کە ساڵی ٢٠٠٣ بەهەڵگیرساندنی جەنگێکی خوێناوی لەلایەن دەستەی فەرمانڕەوای ئەمریکاوە لە دژی خەڵکی عێراق دەستی پێکرد، لە غیابی ئەڵتەرناتیڤێکی شۆڕشگێڕانەی پێشڕەودا، دەبوو بەئێرە بگات. قەیرانی ئابووری وسیاسی وحکومەتی وئەمنی ئێستای عێراق وکوردستان، ئاکامی سیاسەتێکی کۆنەپەرستانەی دەستەی فەرمانڕەوای ئەمریکایە، کەساڵی ٢٠٠٣ بەرامبەر بە عێراق گرتیەبەرو تەواوی هێزگەلی ناسیونالیستی کوردو عەرەب وئیسلامی بۆ پچڕینی بەشی خۆیان لە دەسەڵاتی دوای ڕژێمی بەعسدا، بەپیریەوە چوون وکۆمەڵگەی عێراقیان بەم کارەساتەی ئێستا گەیاند. ڕێگە بدەن بڕێک ئەم مەسەلەیە وردتر بکەمەوە.

ساڵی ٢٠٠٣ لەئاکامی ملهوڕی جەنگی ئەمریکادا، ڕژێمی بەعس ڕووخا. دەستەی فەرمانڕەوای ئەمریکا لەژێر بەهانەی کۆنەپەرستانەی پێکهاتەی کۆمەڵگەی عێراقدا، کۆمەڵگەی بەسەر قەوم وتایەفەو مەزهەبەکاندا دابەشکردو بۆ هەر یەکێک لەوانە کوێخایەکی ئەڵقە لە گوێی داناو ناوی نا "ئەنجومەنی حوکم"!. هەر لەسەر ئەم بناغە قەومی ودینی و تایەفییە دەستووری عێراق لە ژێر ناوی فیدرالیزمی قەومیدا نوسرایەوەو ئەم جەهالەت وسیناریۆ ڕەشەش ناوی لێنرا "عێراقی نوێ"!. کە زۆری نەبرد جەنگی ناوخۆی ئەم قەوم و

ڕێکخراو و چەکدارو یەک دەست چوونە نێو ئەم سیناریۆ ڕەشەوە. هەرچی هێزگەلی بۆرژوا ناسیونالیزمی عەرەب وئیسلامی سیاسی شیعەوسوننە بوو، لە هێزێکی قابیلی بەرچاو بەهرەمەند نەبوون. بۆیە حکومەت و پەرلەمانە یەک لە دوای یەکەکان هەمووی بە تەوافقی نێوان ئەو هێزانە پێک دەهات، گومان لەوەدا نییە هەموو تەوافقێکی دیاریکراو لەسەر هاوسەنگی هێزێکی دیاریکراو دەوەستێ، بەوهۆیەوە ئەوێ ڕۆژێ هاوسەنگی هێز بەقازانجی یەکێتی وپارتی بوو، بەرەی بەرامبەر نەیاندەتوانی چاو لە پێ درێژکردنە زیادەکانی یەکێتی و پارتی نەپۆشن، ئەوە بێجگە لەوەی کە خۆشیان پەرتوبڵاو

هاوسەنگی هێزی پێشوو کراوە دەچێت بەهەوادا. ئێستا ئیتر بەرەی بەرامبەر بووەتە خاوەنی سەدان هەزار چەکدارو جانەوەرانی پڕچەکی حەشدی شەعبی، لە پشتیوانی وڵاتانی ناوچەکەو تەنانەت ئەمریکا و ئەورووپاش بەهرەمەندە. بۆیە دەسەڵاتی ناوەند کە هێزگەلی ئیسلامی سیاسی شیعە هەڵیدەسوڕێنێ دەیانەوێ هەنگاو بە هەنگاو ئیمتیازاتەکانی ناسیونالیزمی کورد وەربگرنەوە. ئەڵقەی یەکەمی ئەم ڕەوەندە نوێیە بە ١٦ی ئۆکتۆبەر دەستی پێکرد، ئێستاش داوای نەوتی هەرێم دەکات، کۆنترۆڵی خاڵە سنوورییەکانی گەرەکە، گەڕی ئاڵاندووە لە هەڵوەشانەوەی میلیشیای پێشمەرگە،

**بۆپێشەوە: لە ئەگەری ڕێککەوتن یان ڕێکنەکەوتنی بەغداو هەولێر، چ گۆڕانکاریەک لە هەلومەرجی ژیان وگوزەرانی جەماوەری کرێکاو زەحمەتکێش ڕوو دەدات؟.**

**طاهرحسن:** هێزگەلی دەرەوەی دەسەڵاتی یەکێتی وپارتی بە ئیسلامی وقەومیەوە، بەتایبەتی ئەوبەرەیەی لەپەرلەمانی عێراق دانیشتوون وناوی "هیوا" یان لەسەر خۆیان داناوە، تێدەکۆشن ڕواڵەتی مەسەلەکە وەها وێنا بکەن، کە ئەگەر یەکێتی وپارتی مەلەفی نەوت تەسلیم بەبەغدا بکات، ئیتر دەرگای خۆشگوزەرانی بە ڕووی خەڵکی کوردستاندا دەکەوێتە سەر پشت، ئەم وێناکردنە سەرلەبەری فریوکارانەیە. باشە خۆ شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق کێشەی ڕادەستکردنی نەوت و خاڵەسنوورییەکانیان نییە، ئەی بۆچی واپەراوێز خراون و سەختترین هەلومەرجی ژیان بەسەر دەبەن؟، ئاوی خواردنەوەیان نییە، کارەبایان نییە، کاریان نییە...هتد. ئەوەبۆ دوو ساڵ دەچێت خەڵکی

**مەسەلەی بەهەرێمکردنی سلێمانی، پێکهاتنی گروپی هیوا، بەرەی دەنگە نارازییەکان، هەموو ئەمانە هەوڵی بەشە جۆراوجۆرەکانی بۆرژوازی کوردە بۆ دەربازکردنی دەسەڵاتی سەرمایەیان لەو قەیرانە....**

سەرقاڵ بوون بە شەڕی تایەفیەوەو عێراقیان کردبووە بۆمبێکی گەورە. یەکێتی وپارتی بەو شەڕی ناوخۆییە خۆشحاڵ بوون و وەک خێرو بەرەکەت بۆ خۆیانیان دەزانی، دەیان گووت هەتا هێزگەلی ناوەڕاست و خوارووی عێراق یەکتری

سبەینێیەکی نزیک بە زۆرینەیەکی گاڵتەجاڕی دەستووریش دەخەنەبەردەم هەمواركردنەوەو سەرتاپای دەگۆڕن. ئەمە ڕیشەی قەیرانی سیاسی نێوان بۆرژوا ناسیونالیزمی کورد و یەکێتی وپارتی و تەواوی هێزگەلی بۆرژوایی کوردستانە

دەستتەنگی ئەوشارانە لە دژی مافیاکانی دەسەڵات لەسەر شەقامەکانن، وبارەگای حزبەکان ئاگر دەدەن، تا ئێستا سنگی سەدان لاوی ئەوشارانە کراوەتە نیشانەی چەکی میلیشیا ڕەنگاوڕەنگەکان.

بۆرژوازی دەسەڵاتدار لە ناوەند بەدەست دەیان قەیرانەوە دەناڵێنێ. لەژێر قەرزی ملیارەها دۆلاردایە، تەنانەت بۆ پڕکردنەوەی کورتهێنانی مووچە ناچار بوو بەدەستی خۆی نرخی دراوی عێراقی لەبەرامبەر دۆلاردا بهێنێتەخوارەوە! هەموو مانگێک دەبێ قەرز بکات بۆ ئەوەی بتوانێت مووچەی کارمەندەکانی بدات!، جگە لەدزی وتالانی وچەتەیی ئاشکرای دەسەڵاتدارانی عێراق، ساڵانە بە پێی یاسا ملیارەها دۆلار دەکرێت بە گەرووی حەشدی شەعبیدا، تا ئەو ڕادەیەی چەندین جار ڕاوێژکارانی ئابوری حکومەتەکەی کازمی هۆشداری هەرەسهێنانی یەکجاری حکومەت و دراوی عێراقیان داوە. دەمەوێ بڵێم کە وەزعی حکومەتی ناوەندیش زۆر لە دیوەخانەکەی یەکێتی وپارتی ئەگەر خراپتر نەبێت باشتر نییە.

من پێشتر گووتم، بۆ هەردوولا، مەسەلەکە وەڵام دانەوە بە کێشەی ژیان وگوزەرانی خەڵکی عێراق وکوردستان نییە. مەسەلەکە پاراستنی بەرژەوەندیەکانی مشتێک سەرمایەداری کورد وعەرەبە لە قەڵەمڕەوی دەسەڵاتدا، ناوەند بە تەوازنی هێزێک کە ئێستا هەیەتی نایەوێ چیتر ئەوە قبوڵ بکات،کە یەکێتی وپارتی ڕێکەوتنی پەنجاساڵە لەگەڵ کۆمپانیاکان ببەستن.

بۆیە ئەگەر ئەم جارەش و لەبەر هەر هۆیەک ڕێک بکەون، بەر لەوەی مەرەکەبی ڕێکەوتنەکە وشک بێتەوە دووبارە هەڵدەوەشێتەوە. بەڵام ڕێک بکەون یان نەکەون بۆ خەڵکی دەستتەنگی عێراق وکوردستان دەبێ بە چی؟!، داهاتی نەوت بارزانی و تاڵەبانی بیبەن یان هادی عامری ومالکی چ نانێک بۆ سەر سفرەی ئێمە زیاد دەکات؟!.

**بۆپێشەوە: ئایا کردنی زۆنی سەوز بە هەرێمێکی سەربەخۆ، دەتوانێت کێشەی مووچە و خزمەتگوزاریەکانی ئەو زۆنە چارەسەر بکات؟.**

**طاهرحسن:** هێنانە گۆڕێی کردنی سلێمانی و هەڵەبجەو گەرمیان بە هەرێمێکی سەربەخۆ لەلایەن یەکێتیەوە، لەلایەکەوە بەکارهێنانی کارتێکی سووتاوی فشارە بۆ سەر پارتی، وە لە لایەکی ترەوە لەچاوەڕوانیدا ڕاگرتنی تووڕەیی جەماوەری کرێکاران و دەست تەنگانی ئەوناوچانەیە، کە کۆتایی پارساڵ دووبارە بوونەوە بە مەیدانی نەبەردی جەماوەری.

هەموو دەزانین دەسەڵاتی یەکێتی وپارتی لە نێو قەیرانێکی خنکێنەری ئابوری وسیاسی وحکومەتیدایە. ئەم دەسەڵاتە تەنیا بە هێزی چەک ومیلیشیا بە پێوە ڕاوەستاوە. ئەم قەیرانە پەیوەندی وهاوسەنگی نێو خانەوادەی بۆرژوازی کوردیشی لێکترازاندووە. مەسەلەی بەهەرێمکردنی سلێمانی، پێکهاتنی گرووپی هیوا، بەرەی دەنگە ناڕازییەکان، هەموو ئەمانە هەوڵی بەشە جۆراوجۆرەکانی بۆرژوازی کوردە بۆ دەربازکردنی دەسەڵاتی سەرمایەیان لەو قەیرانە.

من سیاسەتی بەهەرێمکردنی ئەوەی پێی دەڵێن زۆنی سەوز لەلایەن سەرکردایەتی یەکێتیەوە زۆر بە جدی نابینم، وەک گووتم زۆرتر بۆ فشار خستنەسەر پارتیە، بەڵام ئەگەر جدی بێت وبەکردەوە دەربهێنرێت، لام وایە دەسەڵاتی ناوەند زۆر پێشوازی لێ دەکات، چونکە بەوهەنگاوە بەرەی بۆرژوازی کورد لەنێو گەمەکەدا لاوازتر دەکات. لەو باوەڕەدا نیم سەرکردایەتی یەکێتی ئەو ڕاستیە نەزانێت، کە ململانێی بۆرژوازی ناوەند لەگەڵ سەرجەم دەسەڵاتی بۆرژوا ناسیونالیزمی کورددایە، یەکێتی و پارتی باقی قوماشەکانی بۆرژوازی کورد هەرشتێکیان لەبەرامبەر یەکتردا هەبێت یان نا، سەرئەنجام هەموویان لە بەلەمێکدان، بۆیە هەر شینی یەک ڕیزی دەکەن لەبەرامبەر ناوەندا.

یەکێتی و ڕۆشنبیرە معاشخۆرەکانی دەیانەوێ ڕواڵەتی مەسەلەکە وەها وێنا بکەن، کەئەگەر سلێمانی ودەوروبەری بووە هەرێمێکی سەربەخۆ، ئیتر تەواوی کێشەکان چارەسەر دەبن، ئەمە درۆیەکی شاخدارە. بۆ مەگەر یەک چارەکە سەدە نییە زۆنی سەوز بەزۆری چەکو بەناڕەوا تەنیا بەدەست یەکێتیەوەیە؟. خەڵکی ئەم ناوچەیە جگە لە بێکاری وگرانی و بێ مووچەیی وبێ ئاوی وبێ کارەبایی ونەبوونی خزمەتگوزاری و وێرانی کەرتی تەندروستی وسەرکوتی سیاسی وکوشتنی لاوانی ناڕازی وفڕاندنی ڕۆژنامەنووسان ودزی وتالانی ودەیان باندی قاچاغی فرۆشی نەوت ودەرمانی ئێکسپایەرو دەیان موسیبەتی تر، چیان لە سایەی دەسەڵاتی چەتەیی یەکێتیدا بە نسیب بووە؟!. سەرکردایەتی یەکێتی خۆیان ئەوە ناشارنەوە کە شەو و ڕۆژ لە سنوورەکان ملیۆنەها دۆلار دەچێتە سەر سەرمایەی کەڵەکەبووی مەسئولەکان. چارەکە سەدەیەکە کرێکاران و زەحمەتکێشان هەر هەژارو دەستکورت تر دەبن، و بەچکە ملیاردێرو ملیۆنێریش هەرزیاد دەبن. هەرچی سەرچاوەکانی ژیانە بە زۆری چەک بۆ خۆیان قۆرخیان کردووە، خێرە ئێستا بە بەهەرێمکردنی سلێمانی کە خۆشیان سەروبەری نازانن، خەڵک خۆش بەخت دەبێت. بۆیە ئومێدگرێدان بەبەهەرێمبوونی سلێمانیەوە، جگە لە کڵاوکردنە سەری خۆ شتێکی تر نییە.

**بۆ پێشەوە: کەواتە خەڵکی کوردستان چ ئەرکێکی دەکەوێتە ئەستۆ، دەبێ چی بکات؟.**

**طاهر حسن:** خۆپیشاندانەکانی کۆتایی ٢٠٢٠ ئەو پەیامەی بە هەموو لایەکدا، کەجەماوەری کرێکاران ودەستتەنگانی کۆمەڵگە چییان ناوێت، هەموو بەرەی ڕاستیان کردە نیشانە و بارەگاکانی حزبەکانی دەسەڵات و بەناو ئۆپۆزسیۆنی قەومی و ئیسلامیان ئاگردا. ئەمە پێشڕەویەکی گەورەیە، بەڵام هێشتا ئەوە مەرجی سەرکەوتن نییە. ئێمە دەبێ وەک ڕۆژی ڕووناک بزانین چیمان دەوێ، وە چۆن وبە چ ڕێگایەک بەدەست دێ؟ پێداویستیەکانی چین؟. ئەوەتا بۆرژوازی کورد وحزبەکانی بە تەواوی تواناکانیانەوە تێدەکۆشن ڕێگاچارەی خۆیان بخەنە بەردەم بزووتنەوەی ناڕەزایەتی خەڵک. دەبێ ڕابەرانی ئەو بزووتنەوەیە بۆ یەک چرکەش ئەو ڕاستییەیان لەبەرچاو ون نەبێت، کەدەسەڵاتی ئێستای کوردایەتی بەم فۆرمەی ئێستایەوە دەتوانێت بمێنێتەوەو چاکسازی هەڵناگرێت. یەکێتی وپارتی کۆسپی سەرەکین لەبەردەم بچوکترین ئاڵوگۆڕدا بەقازانجی خەڵک. بۆیە هەرئاڵوگۆڕێکی شۆڕشگێڕانە بەرەو باشتر لە ژیانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا، ناتوانێت بەڕووخاندنی دەسەڵاتی یەکێتی وپارتی دەست پێنەکات. بەم ئاسۆیەوە دەبێ بچینە خۆئامادەکردن وخۆ ڕێکخراو کردن بۆ ئەم نەبەردە چینایەتیە.

ئێوە دەزانن خەڵکی ناڕازی لە ١٧ی شوباتدا ئاڵای یەکێتی وپارتیان داگرت، بەڵام ئاڵای باڵێکی تری ڕاستی بۆرژوازیان بەرز کردەوە، بۆیە سەرباری گیانبازی بێ وێنەی جەماوەری ناڕازی شکستی خوارد.

بورکانی نارەزایەتی لەجێگای خۆیەتی وهەر قوڵپ دەدات، بۆ ئەوەی ئەمجارە نەبێتە نێچیری باڵێکی تری بۆرژوازی، دەبێ ڕابەرانی ئەو بزووتنەوەیە ڕێگاچارەی چینی کرێکارو کۆمۆنیزم هەڵبژێرن، هەرئێستا لە شوێنی کاروژیانیان باوەشی هاوپشتی چینایەتی بۆ یەکتر بکەنەوەو لە دەوری یەکتر دانیشن ونەخشە بۆ ئایندەی ژیانی منداڵەکانیان دابنێن، شورا و ڕێکخراوە جەماوەریەکانی خۆیان پێکبهێنن. هێزی ئێمە بە یەکگرتوو وڕێکخراوبوون لە شکان نایەت.

ڕژێمی بەعس ٢٣ساڵ لە کوردستان دەسەڵاتی بردە سەر، دەسەڵاتی بزووتنەوەی کوردایەتی ٧ ساڵی لەو زیاترە، لەپێناوی ژیانێکی شایستەدا ئیتر دەبێ بەس بێت.

**٢٠٢١-٠٢-١٢**

**من سیاسەتی بەهەرێمکردنی ئەوەی پێی دەڵێن زۆنی سەوز لەلایەن سەرکردایەتی یەکێتیەوە زۆر بە جدی نابینم، وەک گووتم زۆرتر بۆ فشار خستنەسەر پارتیە، بەڵام ئەگەر جدی بێت وبەکردەوە دەربهێنرێت، لام وایە دەسەڵاتی ناوەند زۆر پێشوازی لێ دەکات...**

**هێنانە گۆڕێی کردنی سلێمانی و هەڵەبجەو گەرمیان بە هەرێمێکی سەربەخۆ لەلایەن یەکێتیەوە، لەلایەکەوە بەکارهێنانی کارتێکی سووتاوی فشارە بۆ سەر پارتی، وە لە لایەکی ترەوە لەچاوەڕوانیدا ڕاگرتنی تووڕەیی جەماوەری کرێکاران و دەست تەنگانی ئەوناوچانەیە...**

**یەکێتی و پارتی باقی قوماشەکانی بۆرژوازی کورد هەرشتێکیان لەبەرامبەر یەکتردا هەبێت یان نا، سەرئەنجام هەموویان لە بەلەمێکدان، بۆیە هەر شینی یەك ڕیزی دەکەن لەبەرامبەر ناوەندا.**

# پشدەر محەمەد: پارتی و تورکیا بەپلەی یەکەم سودمەندن لە هەناردەی نەوت و خەڵکی باشوری کوردستان و حکومەتی عێراق و ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات و باکوری کوردستانیش زەرەرمەندی هەناردەی نەوتن بەشێوەی سەربەخۆ...



## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەڕێز پشدەر محەمەد ڕۆژنامەنووس و چاودێری سیاسی سەبارەت بە ململانێی نێوان بەغدا و هەرێم بەرەو کوێ؟...

**بۆپێشەوە: دەسەڵاتی سیاسی بەغدا و هێزە سیاسیەکانی، تا دێت ئاستی گوشارەکانیان بۆ سەر دەسەڵاتی هەرێم زیاد دەکەن، ڕیشەی ئەم گوشارانە چییە؟**

**پشدەر محەمەد:** لە ڕاستیدا وەڵامی ئەم پرسیارە چەند بەشێکە، لەلایەک دەسەڵاتدارانی عێراق دەزانن بەرپرسانی هەرێم لەخەمی خۆیان و نەوەکانیانن و و پەیوەندیان بە بەرێوەبردن و ئیدارەدانی هەرێمەوە نەماوەو و خەڵکی کوردستانیش ئەم سیستمی حوکمرانیەی قبوڵ نییە. لەلایەکی ترەوە هەست دەکرێت بەرپرسانی عێراق لە فیدراڵیەت و دەستور تا ڕادەیەک پاشگەز بوونەوە.

**بۆپێشەوە: بەغدا داوای ڕادەستکردنی تەواوی دۆسیەی نەوت لەهەرێم دەکات، ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

**پشدەر محەمەد:** پێم وایە ئەگەر ڕاپرسی لە هەرێم بکرێت زۆرینەی خەڵکی کوردستانیش پشتیوانی ئەوە دەکەن نەوت ڕادەستی عێراق بکرێتەوە. ئەمەش بەهۆی ئەوەی هەناردەی نەوت لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بەشێوەی سەربەخۆ؛ نەک هەر نەبووە مایەی خۆشگوزەرانی، بەڵکو بووە هۆی بەدبەختی و قەیرانێکی گەورەی دروستکراوی دارایی. حزبەکان لە هەناردەی سەربەخۆی نەوت ملیاران دۆلاریان لەرێگەی دانانی پارەی نەوت لە بانکی ئەهلی بە پارەی خەیاڵی و کرێی بۆڕی و سکوریتی دەستکەوت. هەناردەی نەوت بەشێوەی سەربەخۆ وایکرد بەرپرسان ببنە خاوەنی میدیای زەبەلاح و کۆمپانیای گەورە و خەڵکیش تا دێت هەژار و هەژارتر دەبێت.

بەهۆی پارەی نەوتەوە پارتی دیموکراتی کوردستان دەستوەردان لە پارچەکانی تری کوردستان دەکات، و حزبی سیاسی و هێزی سەربازیان بۆ دروستدەکات، لە ناوخۆی کوردستانیش حزبی سیاسی دەکڕێت و بە ئارەزووی خۆی بڕیاری سیاسی قۆرغکردووە. سەرباری ئەوەش هەناردەی نەوت بەشێوەی ناشەفاف وایکردووە هەزاران گومانی گەورە لەسەر هەناردەی نەوت هەبێت، تا ئێستا پەرلەمان و دامەزراوەکانی هەرێم ئاگاداری گرێبەستەکانی نەوت نین، ئەوەی ڕوونە پارتی و تورکیا بەپلەی یەکەم سودمەندن لە هەناردەی نەوت و خەڵکی باشوری کوردستان و حکومەتی عێراق و ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات و باکوری کوردستانیش زەرەرمەندی هەناردەی نەوتن بەشێوەی سەربەخۆ.

**بۆپێشەوە:بەجیا لە فایلی نەوت، باسی ئەوە دەکرێت بەغدا داوای نوێنەرایەتیەکانی هەرێم و تەنانەت هەڵوەشاندنەوەی هێزی پێشمەرگەش دەکات... ئەمە چ ئاڵوگۆرێک لە پەیوەندی نێوان هەولێر و بەغدا پێک دەهێنێت؟**

**پشدەر محەمەد:** لە ڕاستیدا دەکرێت کورد لە چوارچێوەی باڵیۆزخانەکانی عێراق نوێنەرایەتی هەبێت، ئەگەر نوێنەرایەتی هەرێمیش دابخرێت، دەکرێت بپرسین ئەو نوێنەرایەتیانە چیان بۆ کورد کردووە و چیشییان بۆ حزبەکانیان کردووە؟ لە ریفراندۆم و ڕوداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر دەرکەوت ئەم نوێنەرایەتیانە چەند ساڵە هیچ لۆبیەکیان بۆ کورد نەکردووە. لە پرسی جینۆسایدی هەڵەبجە و ئەنفال و کۆمەڵکوژی ئێزیدیەکان هیچیان پێنەکرا، هەموویان لەسەر بنەمای حزبی دانراون. دەبێت بپرسین مانەوەی ئەمانە چ سودێکی هەیە تا داخستنیان زیانی هەبێت؟ لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ئەم پرسە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ دەستور.

سەبارەت بە پێشمەرگە ئەگەرچی بەرپرسانی هەرێم لە کاتی نوسینەوەی دەستور ڕازی بوون پێشمەرگە بکرێتە پاسەوانی هەرێم، بەڵام دواتر لێی پاشگەزبوونەوە. کوردستان پێویستی بە هێزێکی نیشتمانی دوور لە ئینتمای شەخس و حزب هەیە، ئەمە هەنگاوی یەکەمی چاکسازیە کە پێویستە بکرێت بەبێ ئەمە نە سیاسەت دەکرێت و نە دامەزراوەکانیش سەربەخۆ دەبن نە دەشکرێت باسی سەروەری یاسا و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان بکەین.

بەکارهێنانی هێزی پێشمەرگە لە ململانێی ناوخۆ و حزبی وایکردووە بەغداد پێداگری لەسەر وەها داواکاریەک بکات، دەکرێت دادگایەکی نێودەوڵەتی بۆ چارەسەری کێشەکانی هەرێم و بەغداد پێکبهێندرێت، لەناو ئەو کێشانەدا پرسی پێشمەرگە یەکلایی بکرێتەوە.

**بۆپێشەوە: دەسەڵاتی سیاسی هەرێم بۆچی ئامادە نییە بەکردەوە نەوت ڕادەستی بەغدا بکات؟**

**پشدەر محەمەد:** چونکە شەخس و حزب و کۆمپانیاکانیان و بنەماڵەکانیان سودمەندن لە هەناردەی نەوت بەشێوەی سەربەخۆ، و هەندێک حزب کوردایەتیان کردۆتە سەرچاوەی پەیداکردنی ملیاران دۆلار و هەژارکردنی کۆمەڵگە، و بەمەبەست سیاسەتی برسیکردن پەیرەو دەکەن، ئێستا ١٥ ملیاردێری دۆلار و ٣٠ هەزار ملیۆنێری دۆلار لەهەرێمی کوردستان هەیە. لە هەرێمێکی شەش ملیۆن کەسی ئەو هەموو ملیاردێر و ملیۆنێرە لە کوێوە هاتن؟ لە کاتێکدا بە پێنج وڵاتی ئەسکەندەناڤی ئەوەندە ملیاردێری نییە.

> **هەندێك حزب كوردایەتیان كردۆتە سەرچاوەی پەیداكردنی ملیاران دۆلار و هەژاركردنی كۆمەڵگە، و بەمەبەست سیاسەتی برسیكردن پەیرەو دەكەن، ئێستا ١٥ ملیاردێری دۆلار و ٣٠ هەزار ملیۆنێری دۆلار لەهەرێمی كوردستان هەیە.**

**بۆپێشەوە: کاریگەری وڵاتانی ناوچەکە لەسەر ململانێی بەغدا و هەولێر چییە؟**

**پشدەر محەمەد:** بەداخەوە عێراق بۆتە گۆڕەپانی یەکلاییکردنەوەی ململانێی نێوان ئێران و ئەمریکا لەلایەک، و شیعە و سوننە لەلایەکی ترەوە، و وڵاتانی کەنداو و ئێران و تورکیا و ئەوروپا و ئەمریکا دەستیوەردان لەکاروباری ناوخۆی عێراق دەکەن. دەبوایە دەسەڵاتدارانی کوردستان، هەرێم لەو ململانێیانە بپارێزن، بەڵام بەداخەوە هەر زوو کاریگەری ئەو ململانێیانە لەسەر هەرێم دەرکەوت، نەک هەر ئەوە، بەڵکو کۆمپانیای ڕۆسنەفت یشیان هێنایە کوردستان بەوەش ئەوەندەی تر هەرمێیان کردە بەشێک لەو ململانێیانە.

**بۆپێشەوە: هۆکار چییە، هەر کاتێک دەسەڵاتی سیاسی هەرێم، لە پرسی موچەدا ڕووبەڕووی کێشە دەبێتەوە لەگەڵ بەغدا، باسی خاک و ناوچەی کێشەلەسەرەکان و مادەی ١٤٠ دەهێنێتەوە گۆڕ و کاتێکیش بەغدا موچە دەنێرێت، باسێک لەسەر ناوچەی کێشە لەسەر و خاک و مادەی ١٤٠ دا نییە؟**

**پشدەر محەمەد:** یەکێتی و پارتی لە ٢٠٠٣ وە سەرۆک کۆمار و جێگری سەرۆک وەزیران و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و چەندین وەزیر و فراکسیۆنی گەورە گەورەیان لە عێراق هەبووە، کەچی نە مادەی ١٤٠ جێبەجێکرا و نە یەک بست خاکیان گەڕاندەوە و نە کێشەی پێشمەرگە و نە کێشەی نەوت و غازیان چارەسەر کرد. یاسای نەوت و غاز دەرنەکرا و ئەنجومەنی فیدراڵی دروست نەکرا، خەمی یەکێتی و پارتی لە بەغداد دەستکەوتنی ئەو ملیاران دۆلارە بوو کە بەناوی کوردەوە وەریانگرتووە، باشترین بەڵگەش ئەوەیە کەهیچ لە کێشەکانی کوردیان نەک چارەسەر نەکردووە، بەڵکو کێشەشیان بۆ زیادکردووە، ئەگەر جاران کێشەی موچە نەبوبێت ئێستا ئەو کێشەیەش دروست بووە.

**بۆپێشەوە: پرسی موچە، ناوچەی کێشە لەسەرەکان، مادەی ١٤٠ ڕادەی دەسەڵاتدارێتی هەرێم... هەموویان ڕیشەیان لەچارەسەرنەکردنی پرسی نەتەوەیی دایە، ئایا لاتان وانییە کە پێویستە ئەو پرسە چارەسەربکرێت؟**

**پشدەر محەمەد:** چارەسەری کێشەی نەتەوەیی کورد لە عێراق دەبێتە هۆی ئەوەی چەندین حزب کۆتاییان بێت، کە نانیان لەو کێشانەدایە، ئەمە بۆ بەشێک لە حزبە دەسەڵاتدارەکانی ئێستای عێراقیش ڕاستە، بەدڵنیایەوە چارەسەری کێشەی کورد لە عێراق دەبێتە هۆی ئەوەی ئابوری عێراق و کوردستان ببوژێننەوە، و بەهای دیناری عێراقی بەرزبێتەوە، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو دەردەکەوێت کە زۆرینەی کێشەکانی عێراق پەیوەندی بە پرسی کوردەوە هەبووە.

**بۆپێشەوە: خەڵکی کوردستان، قوربانی سەرەکی ململانێی نێوان هەولێر و بەغدان، بە چ ڕێگایەک دەکرێت، ئیتر خەڵکی کوردستان نەبنە قوربانی ئەم ململانێیە؟**

**پشدەر محەمەد:** بەو ڕێگەیەی کە لەبری یەکێتی و پارتی خەڵکانی تر نوێنەرایەتی کورد بکەن لە عێراق، و چیتر پرسی کورد بەو دوو حزبە نەسپێردرێت. کێشەی کورد لە عێراق لە کێشەی یەکێتی و پارتی جیابکرێتەوە، هەوڵ بدرێت تیمێکی تر لەدەرەوەی یەکێتی و پارتی پێکبهێندرێت بۆ چارەسەری کێشە ریشەییەکانی کورد لە عێراق.



# هونەر مەولود: دەبێت هەموومان ئەوە بزانین ئەو دەسەڵاتە باکی بە ناڕەزایی و نووسین و گردبوونەوە ڕەخنەگرتن نییە، پێویستە ڕێگایەکی تر بەکاربهێنرێت...

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەڕێز هونەر مەولود ڕۆژنامەنووس و چاودێری سیاسی سەبارەت بە ململانێی نێوان بەغدا و هەرێم بەرەو کوێ؟

**بۆپێشەوە: چۆن دەڕواننە ئایندەی ململانێکانی بەغدا و هەولێر؟**

**هونەر مەولود:** سەرەتا ئێمە دەبێت پرسیارەکە ڕاست بکەینەوە دەبێ بڵێین ململانێکانی بەغدا و پارتی، چونکە ئەگەر بڵێین هەولێر کەواتە خەڵکی هەرێمی کوردستان بە گشتی کێشەی لەگەڵ بەغدا هەیە. نەخێر خەڵکی هەرێمی کوردستان هیچ کێشەیەکی لەگەڵ بەغدا نییە لەبەر ئەوەی تەنها حیزبێک و بنەماڵەیەک لە هەولێر حوکوم دەکەن نەک بەغدا.

ململانێکانی نێوان پارتی و بەغدا ئایندەیەکی نەرێنی دەبێت بەتایبەت بۆ خەڵکی زەحمەتکێش و کرێکار و مووچە خۆر. دەبێت ئێمە ئەوە بزانین کە عیراق دەوڵەتە لە وڵاتانی دەوروبەر و هەتا ئەوروپا و ئەمریکاش زیاتر گرینگی بە بەغدا دەدەن لە هەموو ڕوویێکەوە نەک هەولێر.

کێشەی نێوان بەغدا و هەولێریش دیارە کە کێشەیەکی نەتەوەیی نییە. بەغدا بیر لەوە دەکاتەوە تەنها حیزبێک و بنەماڵەیەک لە هەرێم حوکم دەکەن چەندین ساڵە سامانی سەر زەوی و ژێر زەویان بەهەدەرداوە، چەندین ساڵە گەندەڵی و ناعەداڵەتی کۆمەڵایەتی کوردی بەردەوامی هەیە لە باشووری کوردستان، کەواتە دەبێت بڵێین کێشەکەی بەغدا لەگەڵ چەند کەسێکە، نەک خەڵکی هەرێمی کوردستان بەگشتی.

**بۆپێشەوە: هۆکار چییە پارتی و یەکێتی، بەیەکەوە مامەڵە لەگەڵ بەغدا ناکەن و هەریەکەیان بەجیا و هەرلایەکیشیان داواکاری جیا، دەخەنە ڕوو؟**

**هونەر مەولود:** پارتی و یەکێتی وەکو دوو کارەکتەر لەگەڵ بەغدا گفتوگۆ دەکەن، هۆکارەکەی ئەوەیە ئەگەر بەغدا لەگەڵ پارتی کێشە لە نێوانیان درووست بێت، ئەوا یەکێتی لە بڕی پارتیش گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا ئەنجام بدات. خۆی لە ئەسڵ دا هەردووکیان کوڕی یەک باوکن لەهەموو شتێکی ئەم وڵاتە شەریکن پارتی و یەکێتی سەرمایەدارن، نەک سیاسەتمەدار. بنەماڵەیین، نەوەک نەتەوەیی. داواکارییەکانیشیان هەمووی لە پێناو بەرژەوەندی شەخسی و حیزبیە.

داواکارییەکانی ئەو دوو حیزبە بە هیچ جۆرێک لە پێناو بەرژەوەندی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی ئەم وڵاتە نییە،

ئامادە نین گفتوگۆ لەگەڵ هیچ لایەنێک هەتا بەغداش ئەنجام بدەن لە پێناو بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان بە گشتی، کەواتە پارتی و یەکێتی لەژێرەوە وەک بران ئامادە نین نێوانیان لە پێناو هیچ شتێکی ئەو وڵاتە تێک بدەن، لەسەرەوەش هەردووکیان دوژمنی سەرسەختی یەکترن.

**بۆپێشەوە: چەپ و کۆمۆنیستەکان دەڵێن کێشەی بەغدا و هەرێم هیچ پەیوەندیەکی بە گۆڕینی هەلومەرجی ژیان و گوزەرانی خەڵکی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێش و مووچەخۆرانەوە نییە، و بڕواشیان بەو پەرلەمان و حکومەتەی هەردوولا نییە، دەڵێن بەدیل دەسەڵاتداریەتی خەڵکە، خەڵک خۆی دەبێت چارەنووسی خۆی دیار بکات، ئێوە دەڵێن چی، و ڕێگە چارە بەڕای ئێوە چییە و خەڵک لە کوێی هاوکێشەیەدایە؟**

**هونەر مەولود:** پێویستە گەل خۆی بڕیار بدات بەس چ بڕیارێک دەبێت بڕیارێکی یەکلایکەرەوە بدات، یان ئەوەتا لە ژێر دەسەڵاتی مەزهەبی و حیزبی و بنەماڵەیی بژی دوور لە ئازادی و دادپەروەری. لێرەدا دەبێت قبووڵی هەموو شتێک بکەین لەو دەسەڵاتە وەکو و مەسەلە کوردیەکە کڵاوی خۆمان بگرین باشترە، نەوەک با ببیا. ئەوا ئایندەمان دژوار و کارەساتبار دەبێت. کەواتە بۆ نەوەی دواڕۆژمان وەڵامێکی بێ بنەمامان دەبێت بەدەستی خۆمان ژیانی ئێستا و داهاتووشمان وێران دەکەین.

دەبێت هەموومان ئەوە بزانین ئەو دەسەڵاتە باکی بە ناڕەزایی و نووسین و گردبوونەوە ڕەخنەگرتن نییە، پێویستە ڕێگایەکی تر بەکاربهێنرێت.

ئەویش باشترین ڕێگاچارە بۆ گۆڕینی بارودۆخ بۆ ئەوەی بە ئازادی و دادپەروەری بژین، ژیانێک بە مانای وشە ئەوا پێویستی بە شۆڕشێکە هاوشێوەی شۆڕشی فەڕەنسا. پێویستی بە شۆڕشگێڕێکە وەکوو مارتن لۆتەر بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی کوردی دەرباز بێ لەو کەڵتە کۆنە لەحیزب و بنەماڵە و مەزهەب و شێخ و مەلا و هتد.

لە ڕاستیدا ئەوەی بەشداری شۆڕش و ناڕەزایی جەماوەری دەکات، کرێکار و زەحمەتکێش و خەڵکی هەژار و کەم دەرامەتن، نەوەک ئەندام پەرلەمان و وەزیر و کاربەدەستانی هەرێم و مامۆستایانی ئایینی، کۆمەڵگای کوردیش لە ئێستا سێ چین حکومی دەکات حیزب و بنەماڵە ئاین و مەزهەب سەرمایەداری، کەواتە ئەو سێ چینە لەناو نەبرێن یان کاڵ نەکرێنەوە ئەوا نابێت چاوەڕێ ی هیچی باش بکەین لەدوا ڕۆژدا

**بۆپێشەوە: ئایا پرسی موچەو خزمەتگوزارییەکان پرسێکی عێراقییە یان کوردستانی، عێراق بەرپرسە لە چارەسەکردنی یان دەسەڵاتی سیاسی هەرێم، یان هەردووکیان؟**

**هونەر مەولود:** پرسی موچە و خزمەتگوزارییەکان هیچ پەیوەندی بە عیراقەوە نییە، پرسێکی تەواو کوردستانییە، پێویستە دەسەڵاتی سیاسی هەرێم ئەو کێشانە چارەسەر بکات، نەک بەغدا. بەڵام تاکو خەڵک ئاوا بێ دەنگ و بێ هەڵوێست بێت ئەوا گەندەڵی و ناعەداڵەتی کۆمەڵگای کوردی بەردەوام دەبێت و ئەو کێشانەش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زەقتر دەبنەوە.

**بۆپێشەوە: بەجیا لە فایلی نەوت، باسی ئەوە دەکرێت بەغدا داوای نوێنەرایەتیەکانی هەرێم و تەنانەت هەڵوەشاندنەوەی هێزی پێشمەرگەش دەکات... ئەمە چ ئاڵوگۆڕێک لە پەیوەندی نێوان هەولێر و بەغدا پێکدەهێنێت؟**

**هونەر مەولود:** پەیوەندی نێوان بەغدا و هەولێر زۆر ئاڵۆز دەبێت هەتا کار دەگاتە ئەوەی هێز بەرامبەر یەکتر بجوڵێنن، بەڵام تورکیا لەوانەیە نێوەند گیریان بکات، چونکە تورکیا ئەوەی لە هەولێر دەستی دەکەوێت لە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوین دەستی ناکەوێت. عیراقیش بەوەی زانیوە کە هەرێم ٥٠٠٠ پێشمەرگەی دامەزراندووە بەناوی پێشمەرگەی ڕۆژ کە لە ڕۆژئاوای کوردستان هاوکاری تورکیا دەکەن دژی هێزەکانی یەپەگە، کەواتە نوێنەرایەتیەکان و هێزی پێشمەرگە لە پێناو بەرژەوەندیەکانی خەڵکی هەرێمی کوردستان و عیراق نین، زیاتر خزمەت بە وڵاتانی دەوروبەر دەکەن بە تایبەت تورکیا، بۆیە عیراق هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی هێزی پێشمەرگەش دەکات.

**بۆپێشەوە: پرسی موچە، ناوچەی کێشە لەسەرەکان، مادەی ١٤٠ ڕادەی دەسەڵاتداریێتی هەرێم... هەموویان ڕیشەیان لەچارەسەرنەکردنی پرسی نەتەوەیی دایە، ئایا لاتان وانییە کە پێویستە ئەو پرسە چارەسەر بکرێت؟**

هونەر مەولود: دەتوانم بڵێم لە باشوور پرسی نەتەوەیی زۆریش لاوازە، ئەویش دەسەڵات لێی بەرپرسە. پارتی بووە هۆکاری ئەوەی ئینتمای نەتەوەیی لاواز بێت و ئینتمای حیزبیشی بەهێز کرد. لە ئێستادا کێشەی ناوچە کێشە لەسەرەکان هەر لەبیر کراوە، بەڵام پارتی هەرکاتێک بیەوێت هەستی نەتەوایەتی بجوڵێنێت ئەو باسانە لە کەناڵەکانیەوە دەکاتە ڕۆژەڤ. هەتاکو حیزب و بنەماڵە حکوم بکات، ئەو کێشانە چارەسەر نابێت، چونکە ئەگەر چارەسەر بێت بە زەرەری خۆیانە. هەر خۆیان هەوڵ دەدەن پرسی موچەو کێشەی ناوچە کێشە لەسەرەکان و ماددەی ١٤٠ هتد چارەسەر نەبێت.

ئەگەر خەون بەوە ببینین هەرێم ئەو کێشانە چارەسەر بکات ئەوا دەبێت ئاوی بینین دەستمان بشۆین، چونکە دەسەڵاتی هەرێم هەرگیز هەوڵی جدی نەداوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە، ئەگەر حکومەتی عیراق دەسەڵاتی تەواو بگرێتە دەست لەو ناوچانە ئەوا ئەو کێشانە بەرەو دۆخێکی باشتر هەنگاو دەنێن بۆ چارەسەرکردن.

**بۆپێشەوە: شاندەکانی هەرێم لەبەغدا چەندە نوێنەرایەتی داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان دەکەن؟**

**هونەر مەولود:** شاندی هەرێم تەنها نوێنەرایەتی لە حیزب و بنەماڵە دەکات و هیچیتر. باشە دەپرسین تا ئێستا شاندی هەرێم چ سودێکی بۆ خەڵکی هەرێم بەگشتی و بەتایبەت خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش هەبووە؟ نەخێر هیچ سوودێکیان بۆ کۆمەڵگە نەبووە، ئەڵبەتە زیانیان زیاتر بووە. چونکە کە دەچنە بەغدا تەنها لە پێناو بەرژەوەندی حیزبی و شەخسی گفتوگۆ ئەنجام دەدەن. کۆمەڵگەی کوردیشیان ناشیرین کردووە لەبەرچاوی بەغدا.

> دەسەڵاتی هەرێم ٥٠٠٠ پێشمەرگەی دامەزراندووە بەناوی پێشمەرگەی ڕۆژ کە لە ڕۆژئاوای کوردستان هاوکاری تورکیا دەکەن دژی هێزەکانی یەپەگە، کەواتە نوێنەرایەتیەکان و هێزی پێشمەرگە لە پێناو بەرژەوەندیەکانی خەڵکی هەرێمی کوردستان و عیراق نین، زیاتر خزمەت بە وڵاتانی دەوروبەر دەکەن بە تایبەت تورکیا، بۆیە عیراق هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی هێزی پێشمەرگەش دەکات.

## درێژەی... دەمەتەقێ لەگەڵ کاوان قادری هونەرمەند

بکەمە جاوی خەڵکەوە، وە ناشکرێت بۆ نوسینەوەی مێژوو هەموو روداوەکانی رابردوو لەپای کورد بوون و نەتەوە بوونەوە بنوسینەوە. من ناتوانم و بە هەڵەی دەزانم لەبەرخۆشەویستیم بۆ پەیکەر بە چاو داخستنەوە ڕاستییەکان نەدرکێنم. لێرەدا من پاساو و لایەنگری بۆ شکاندنی پەیکەری دارەشمانە ناهێنمەوە، بەڵکو ڕەخنە لەو پیرۆزکردنە دەگرم کە وەک سیمبوڵ و ڕەمزێک بەناوی کوردایەتییەوە پێمان دەفرۆشنەوە. با ئەوەش ڕوون بێتەوە کە تێکدەرانی پەیکەری دارەشمانە لەو ڕوانگەیەوە پەیکەرەکان تێک نادەن و ناشێوێنن کە خۆیان بەدیلێکی مەدەنی تر بن، ئیتر ئەوە ڕۆشنە کە ئەو شەمشەمەکوێرانەی شەو بەدزی خەڵکەوە ئەو کارانە دەکەن درێژەپێدەرو بەرماوەی ئەو دەستەو تاقمە تیرۆریستەی داعشن کە پەیکەرەکانی سۆمەری و ئاشوری و مۆزەخانەکانی شاری موصڵیان شکاند و تالیبانەکانیش ئاسەوارەکانی ٢٠٠٠ ساڵ بەرلە ئێستەی ئەفغانستانیان تەقاندەوە.

بێگومان ناشبێت ئەوە لەبیر بکەین کەخودی ناسیونالیزمی کورد و دەسەلاتەکەی وەک ئەوەی کە بەرپرسیارێتی نییە بەرامبەر بەژیان و گوزەرانی خەڵکی کرێکار و زەحەمتکێش بۆشیان ئاساییە کە پەیکەرەکان بخەنە بەردەم چەکوشی کۆنەپەرستانێکەوە تا بەسانایی بیان ڕوخێنن. وەک دەڵێن ئەوەی لە مشکە جەواڵ ئەدڕێ، خەڵکی کوردستان خۆیان شاهیدی ڕوخاندنی پەیکەری یەکگرن (دوودەستەکە) ن کە سیمبوڵی (کرێکارانی جیهان یەکگرن) بوو، کاوەی ئاسنگەر و دەستارەکە و دەیان پەیکەری تر و سڕینەوەی دەیان یادگاری و جوانی و سیمبوڵی تری ئەو شارە لەلایەن شارەوانییەوە کە توشی ڤایرۆسەکەی حەزرەتی ئیبراهیم بوون و کەوتنە تێکدانی پەیکەرەکانی ئەوشارە، بۆ من کاتێ پەیکەری دوو دەستەکەیان تێکدام، وەک ئەوە وابوو کۆرپەیەکم لەباوەشمدا سەربڕن، ڕابردوویەکە و پەڵەیەکی ڕەشە بە نێوچەوانی دەسەڵات و شارەوانی و دام و دەزگاکانی حکومڕانیەوە، ئەو تاوانەنە چوونە مێژووەوەو هەرگیز لە یاد ناکرێت، بە ئێستاشەوە ئەو ئەنفالی پەیکەرە و تێکدانی سیمای شار لەلای خەڵکی جێگەی نەفرەتە.

هاوڕێ ی ئەزیزم ئەوە بە تەنها پەیکەر نییە دەکەوێتە بەر پەلامار و ڕوخاندن، بڕوانە ئەمانە ئاوێکیان ڕشتوە تا کۆنەپەرستان و ئەوانەی چاویان لەئاست قەڵەمە تیژەکان و هونەرو موسیقاو پەیکەردا هەڵنایە بە بێ ڕەشمەو لغاو مینبەرەکانیشیان کردووە بە جێگەی فتوای سوکایەتی بە گۆرانی بێژ ومیوزیک ژەنەکانیش، بێ دەنگی دەسەڵاتیش ئاماژەیەکە و ئاوی تەبەڕوکە بەسەر ئەم هەموو پێشێلکارییەدا، بێگومان کارێکی ئاواش بەتەنها کاری مێشک وشکێک نییە، بەڵکو کاری جولانەوەیەکی کۆنەپەرست و دواکەوتوە.

سوننەتی ڕوخاندن وتێکدەری فۆڕمێکی ترە وشێوەیەکی ترە لە وێرانە کردن و بە کەلاوەکردنی کۆمەڵگە، تا لەسەر مەبنای سڕینەوەی هەرچی جوانی و بەها ئینسانییەکانە مەملەکەتێک لەگەڵ بیرکردنەوەو کەسایەتی گونجاوی خۆیاندا دابمەزرێنن.

خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان و هونەرمەندان، نابێ بێدەنگی هەڵبژێرن، بەپێچەوانەوە دەبی هاوکات لەپاڵ خەبات بۆ نان وموچەو ئازادی دەبێ یەخەی دەسەلاتداران و دامودەزگاکانی بگرن و ڕێگا نەدەن هونەر وپەیکەرەکانیش بخەنە بەردەم پەلاماردانەوە. بەدیهاتنی کۆمەڵگەیەکی ئازادو خۆشگوزەران، زامنی پاریزراوبوونی هونەرو هونەرمەندانە، کەوایە با خەبات لەپێناو ئەم ئامانجەدا ڕیزەکانی خۆمان یەکخەین، با ڕوخانی پەیکەرەی دەسەلاتداری بۆرژوازی کورد بکەینە سەرەتای دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی ئازادو یەکسان کە لەسایەیدا هونەرو پەیکەرەکان دروست بکەین...

## درێژەی ...هەنگاوە پێویستییەکان بۆ دەسەڵاتدارێتی شورایی

ئاوارەیی تێدا گەشە بکات، دەبێتە پێویستێکی ژیاری خەڵکێک کە ناڕازییە بەچەوسانەوەو هەبوونی دزی و فەسادی و گەندەڵی و سەرکەوت، هەرچی زووتر گەشە بە هاوخەباتی و هاوپشتی بدات زووتر کۆمەڵگەکەی ڕزگار دەکات و بەرەو کۆمەڵگەیەکی باشتر وەردەچەرخێت. بەڵام ڕاستییەک هەیە ئەویش زۆر ڕاشکاوانە دەبێت بگوترێت کە کۆمۆنیست و شیوعییەکانیش چ وەک حیزب و چ وەک کەسایەتی ئەرکیانە خۆیان لە پەرتەوازەیی و فیرقەگەرایی و مەحفەلیزمی حیزبی و گرووپبەندی ڕزگار بکەن، ئەرکیانە و پێویستی هەنوکەییە کە لەگۆشەگیری و خۆپارێزی دوورە پەرێزی چینی کرێکارو هەژارەکان و خەڵکی ناڕازی بێنە دەرەوە، ئەرکە پێویستەکەیان ئەوەیە کە تێکۆشانی کرداری شۆڕشگێڕی و هاوخەباتی ناو چینی چەوساوەو کرێکارو خەڵکی ناڕازییە. پێچەوانەی فکری کۆمۆنیزمە کە کۆمۆنیست و شیوعییەکان تەنها وەک مامۆستایەک و بیرمەند و شارەزا و نووسەرو قسەکەرێک دەربکەون بەمەش خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش لەمەیدانی ڕۆژانەیدا کەهەژارو برسییە جیاوازی نابێت لەگەڵ فەیلەسوف و قەشەو مەلایەکدا کەتەنها کاری شیوعی و کۆمۆنیستەکە قسەو نووسین و شیکردنەوە و دەرکەوتنی لەڕاگەیاندنەکان بێت، بەڵکو دەبێت زیاتر لەبواری شۆڕشگێڕی ناو جەماوەری چەوساوە بۆمەبەستی ڕێکخراوکردنی خەڵکی ناڕازی بەردەوام ژیلەمۆ و پێشڕەوی تێکۆشان بن. لەساڵانی پەنجا و شەستەکان پێشتریش سەرکردەو ڕابەرانی شیوعی بەردەوام لەگەڵ ناو جەماوەری ناڕازی بوون هەربۆیەش چەندەها خۆپیشاندان و نارەزایەتی مێژوویی هەیە لەعێراق کە شیوعییەکان بەتایبەت سەرکردەکانی شیوعی لەپێشەوەی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکاندا بوون هەر لەبەرئەم هەڵسوڕانە شۆڕشگێڕانەیان بەشێکی زۆر لەشیوعییەکان کرانە قوربانی و بەکۆمەڵ دەخرانە زیندانەکان و ئازارو ئەشکەنجەی زۆر دەدران و لەسێدارە دەدران. ئەم جۆرە کاراکتەر دڵسۆزە شۆڕشگێرییانە لەئێرانیش لەناو حیزبی کۆمۆنیست و تودە وکۆمەڵە لەساڵانی پێش هاتنەسەرکاری فاشیزمی ئیسلامی ڕۆڵی کرداری جەماوەرییان بەجۆرێک هەبووە کەلەئێستاش کاریگەری یەکەی لەناوجەماوەری خەڵکی نارازی و حیزبەکانیش هەر هەیە بۆئەوەی وزە بەخۆیان بدەن باسی دەکەن وگرینگی پێدەدەن. سەرکردەیەکی وەک هاوڕێ فواد مستەفا سوڵتانی وهاوڕێکانی هەتا ئێستاش خەباتە مەیدانییەکانی خەڵک بەگرینگی یەوە باسی دەکەن، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کەلە ئێستادا بێ کاریگەرن بۆ مەیدانی حیزبایەتی، ناڵێم بەڵکو بۆ ڕابەرایەتی شۆڕشگێڕی جەماوەری ناڕازی کەپێویست دەکاتە ئەم شەپۆل و نارەزایەتییەی کۆمەڵگەی ئێران ڕێکخراو بکرێت بە ئاراستەی هێنانەدی ئیدارەدانی شورایی و بەدی هێنانی کۆمەڵگایەکی باشتر.

## درێژەی دوا وتە

پۆشەکان، نیشانەی نائاسایی بوونی حجابە بە کۆمەڵگە و جل و بەرگی باوی ئاسایی، کە هیچ کات مەراسیم بۆ نیشاندانی پێویست نەبووە. خۆ ئەگەر بریار بێت بێ حجاب و جل و بەرگ پۆشە ئاساییەکانی کۆمەڵگە مەراسیمێک بکەن، یان کۆببنەوە، ئەوا بە ملیۆنان لە ژنانن و هیچ هۆڵ و گۆرەپانێک نایانگرێت... کە ئەمە دۆخی واقعی کۆمەڵگەیە، نەک حجابی هەزار ژنێکی قوربانی دەستی هەژاری و فریوکاری دەستی ئیسلامیەکان.

هەڵەبجە، لە دوای کیمیابارانی دەستی سەدام حسێن و بەعسی رەمزی کوشتار و خاوەن حەملەی ئیمانی لە دژی ژنان، تا دەگات بە ئەمڕۆ لەدوو لاوە کراوەتە کراوەتە ئامانجی دوو رەوتی سیاسی... لەلایەکەوە دەسەڵاتی سیاسی دزو تاڵانچی بزوتنەوەی کوردایەتی و لەلایەکی تریشەوە رەوت گەلی ئیسلامی و لەوانەش کۆمەڵ و یەکگرتووی ئیسلامی.

ئەوەی کە لەم مەراسیمەشدا نیشاندرا، نەک مایەی سەرکەوتن و پێشرەوی ئیسلامی سیاسی و یەکگرتوو نییە، بەڵکو بەڵگەی ئاشکرای مایەپوچ بوونە... دوای زیاتر لە ٣٠ ساڵ و بە هەڵڕشتنی پارەو ئیمتیازات و بە پشتیوانی وڵاتانی چنگ بەخوێن و قەسابی ئازادی، بە هاوکاری دەسەڵاتی سیاسی، بەکەڵک وەرگرتن لە هەژاری و برسیکردن و بێ موچەیی، کۆکردنەوەی هەزار ژنێکی قوربانی و سەرپۆش کردنە سەریان، هیچ سەرکەوتن نییە... ئەوانەی ئەمە وەکو پێشرەوی ئیسلامی سیاسی تەماشا دەکەن، قوربانی دیدیکی بەرتەسک و روکەش یان روانگە حجاب کراون.

یەکگرتووی ئیسلامی و ئیسلامی سیاسی بەگشتی وەکو رەوتێک روو لە شکست و پاشەکشەیە، شکستی داعش گورزیکی کەمەر شکێنی لە ئیسلامی سیاسی وەشاند و هێندەی تر هێزە ئیسلامیەکانی لە کۆمەڵگە مەدەنییەکاندا، توشی ئەژنۆ شکان کرد. یەکگرتوو ئەمڕۆ چ لە شەقام و چ لە کایەی بەناو هەڵبژاردنەکانی کوردستاندا، هێزیکی حاشیەیی و شانسی هیزگرتن و زەمینەی گەورەبوونی نییە، بۆ داپۆشینی ئەم واقعییەتە، دەیەوێت بەمەراسیمی هەزار ژنی سەرپۆشکراو، سەرپۆش بدات بە پێگەی روو لەشکست و بی ئایندەیەکەیدا.

چ یەکگرتوو و کۆمەڵ و ڕیزی وردو درشتی کۆنەپەرستی ئیسلامی، بە حجابکردنی ژنان و سەرداپۆشینیان دەیانەوێت، بەر بەشەهوەت و هەوەسی هەڵچووی خۆیان بگرن و کە بەو هەموو نیعمەتەی خودا و قورعانەکەیان پێێ بەخشیون، تیر نابن، بۆیە ژنان حجاب دەکەن. جیا لەوەش حجاب کردنی ژنان، کۆیلەکردنیانە بە ریساکانی ئیسلام و بێدەنگ راگرتنیانە لە بەرامبەر بە هەر بێمافیەک کە رووبەڕوویان دەبێتەوە.

بەرەی ئازادیخواز و مۆدیرنی کۆمەڵگە بەگشتی و بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان، بەم جۆرە لە نمایش و شانۆیی یەکگرتووی ئیسلامی پاشەکشەی پێ ناکرێت... بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان لە کوردستان کە هەر ئێستا سەرگەرمی ئامادەکاری بۆ ٨ مارس رۆژی جیهانی ژنانن، پێویستە پەیامی وەستانەوە بەرووی توندوتیژی ئیسلامی بۆسەر ژنان و ماف و ئازادیەکانیان، بەدەستەوە بگرن و کارنامەی ئیسلامی سیاسی و رەوتەکانیان، لە مێژووی دێرینەوە بۆ مێژووی هاوچەرخ و ئێستا، نیشانی کۆمەڵگە بدەنەوە، کە خاوەنی چ تاوانکاریەکی زەبەلاح بەدژی مرۆڤایەتی و بەتایبەتیش بەدژی ژنان و ماف و ئازادییەکانیانن.

دیارە دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستاندا، دەسەڵاتێکی کۆنەپەرستی پشت بەستوو بە دین و دواکەوتوویە، دین ئامرازێکی هیشتنەوەی دەسەڵاتی چینایەتی و ملهورییەکانیەتی، خۆی هۆکارێکی سەرەکییە کە بواری داوە تا رەوتە ئیسلامیەکان، مانۆر بکەن و ژەهر برێژن، مافە سەرەتاییەکانی تاک و ئازادییەکان پیشێل بکەن و لەزۆر حالەتیشدا ئەرکی کۆنەپەرستانەی دەسەڵاتی جێ بەجێ بکەن.

بۆپێشەوە

FORWARD بلاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

Forward

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

bopeshawa@gmail.com

بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

abdulla.mahmud@gmail.com

بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆ پێشەوە سەردانی سایتی بۆ پێشەوە بکەن:

www.bopeshawa.net

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:

شوانە حەسەن،ئاراس رەشید،ئارام حەسەن، عەبدوڵا مەحمود، شوان عەزیز، هیوا ساڵح، کاوان قادر، عبدالرحمن رەسوڵ، ئەحمەد جوانکار،خالید بایەزیدی،حەکیم میرزا، ئارام حەسەن، هەتاو عەبدوڵاهی،سەردار عەبدوڵا حەمە...

## لەگەڵ دۆسیەیەکی تایبەت سەبارەت بە"ئایندەی ململانێی نێوان بەغدا و هەولێر"

# کۆتایی بەسێدارە و زیندانی، بەندە بەمەرگی جمهوری ئیسلامی ئێرانەوە!!



لەم ماوەیەی دوایدا بەدەیان کەس لە هەڵسوڕاوان و چالاکوانی مەدەنی لەلایەن هیزە رەشەکانی جمهوری ئیسلامیەوە لە شارەکانی کوردستانی ئیران دەستگیر کراون، کە ژمارەیان دەگاتە نزیکەی ١٠٠ کەس. لە نیو دەستگیرکراوەکاندا، ژمارەیەکی زۆریان بێ سەروشوێن کراون و کەس و کاریان نازانن بۆ کوێ براون و چییان بەسەر هاتووە. هیزە سەرکوتگەرەکانی جمهوری ئیسلامی لەم شەپۆلی گرتنەدا بە شیوەیەکی شەقاوانە و لەناکاو بەسەر ماڵەکانیاندا داوەو کەسانیک کە جی مەبەستیان بوون رفاندویان و دەستگیریان کردوون.

دەسەڵاتی رەشی ئاخوندەکان لە ئیران، کە لەگەڵ هاتنە سەرکاریەوە رووبەڕوی نەفرەت و تورەیی چینی کرێکار و جەماوەری فراوان بۆتەوە و تا هاتوشە ئەو نارەزایەتییە فراوانترو بەرینتر بۆتەوە، یەکێک لە چەکەکانی بەردەستیان بۆ بیدەنگ کردنی رابەرانی کریکاری و جوڵانەوە جەماوەرییەکان و ترساندنی کۆمەڵگە، دەستبردنی بووە بۆ سەرکوت و زیندانی.

لەماوەی زیاتر لە ٤ دەهە لەدەسەڵاتی رەشی ئیسلامی ئیراندا، سەرکوت و سیدارە... رووی دزیوی و ئەم رژیمە هارەی سەرمایە بووە لە ناوچەکەو دنیادا. لیستی لەسیدارە دراوان، تیرۆرەکان، زیندانی کراوەکان، ڕوانراوان... بەسەدان هەزار ئینسانن. بەڵام ئەگەر کوشتن و سیدارە سازکردن لەسەرەتای هاتنە سەرکاری ئەم رژیمەدا بۆ سەرکوتی شۆڕش و داسەپاندنی دەسەڵاتی رەشی ئیسلامی بوو، ئەوا سیدارە و دەستگیریەکانی ئیستا، بۆ بەرگرییە لە روخاندنی ئەم رژیمە و پەلە قاژەی مەرگیەتی.

شایانی باسە، لە بەرامبەر بە شەپۆلی ئەم دوایەی چونە سەرماڵان و زیندانی کردن، دەیان رێکخراوەی مەدەنی و ئینسان دۆست، نامەی نارەزایەتیان ئاراستەی کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی کردووە، تا لەسەر ئەم دەستگیر کراوانە بێنە دەنگ...

## دوا وتە

# نمایشی سەرپۆش نیشاندان، مایەپوچی ئیسلامی سیاسی و یەکگرتووی ئیسلامییە!

### عەبدوڵا مەحمود

لەم ڕۆژەدا یەکگرتووی ئیسلامی، مەراسیمی سەرپۆش نیشاندانی ١٣٥٧!! ژنی لە هەڵەبجە، نمایش کرد... دیارە ئەو ژمارەیە لە ژنانی سەرپۆش نمایشکراو، بەرامبەرە بە مێژووی شۆڕشی ئێران کەدەکاتە ساڵی ١٣٥٧ هەتاوی بەرامبەر بەساڵی ١٩٧٨ کە ئاخوندەکانی بەدەسەڵات گەیاند و حجابیش یەکێک لە روکنەکانی



داسەپاندنی حکومەتی سێدارەو سەنگسار بوو. هەروەها ئەم حجاب کردنە هاوکات بوو لەگەڵ هێرشی سەربازی ئەردۆغانی ئیخوانی بۆ سەر چیای گارە لە پارێزگای دهۆک وەکو سەرەتاو ئامادەکاریەک بۆ هێرش بۆسەر شەنگال... لێرەش لە هەڵەبجە سەبازە بێ چەکەکانی ئەردۆغان شانۆیی باڵاپۆشیان، پێشکەش کرد... تا چالاکیەکانیان لەگەڵ ئەردۆغان هاوئاهەنگ بکەن. هاوکات بەر لە ڕۆژی ڤالانتاینە کە بە ملیۆنەها لە لاوی ژن و پیاو لەرێگای گوڵ بەخشینەوە، پەیامی عیشق بۆ یەکتری بەیان دەکەن و ڕۆژی خۆشەویستیان نوێ رادەگرن، کە ناکۆکە بە نەریتی ئیسلامی کە عیشق و خۆشەویستی، بەلادان لە ڕیگای خودا و ئیسلام دەزانن و سزای هەردوو دنیای بەدواوەیە. زیاتر لەوانەش بەر لە هەشتی مارس ئەم نمایشەیان کرد، کە رەمزی "نا" وتنە، بە ئاپارتایدی رەگەزی و هاواری حەقخوازنەی ژنانە بۆ دەستراگەیشتن بە مافەکانیان و ئازادییە پایماڵ کراوەکانیان. هەموو ئەمانە نیشان دەدەن ئەو نمایشەی یەکگرتووی سوکایەتیەکی ئاشکرایە بە کۆمەڵگە و بەتایبەتیش بە ژنان و ماف و ئازادیەکانیان.

دیارە حجاب نەریتێکی ئیسلامی سیاسی ئیخوانییە و دوور نزیک پەیوەندی بە جل و بەرگی ئاسایی و هەڵبژاردنی ئازادانەی تاکەکانەوە نییە، ئەوانەی حجابی ئیسلامی بە هەڵبژاردنی ئازادانەی جل وبەرگ وێنا دەکەن، لەو خێڵەن کە دەیانەوێت لەپاڵ سەرپۆش کردنی ژناندا، مێشک و بیرکردنەوەیان، دابپۆشن.

خودی مەراسیم سازکردن بۆ حجاب بۆ لاپەڕە 14





## بەرهەمی تازەی هونەرمەند هیوا ساڵح

## دوا کات بۆ ناردنی بابەتەکانتان و بۆ ژمارەی داهاتوی بۆپێشەوە:

## ٢٥/٢/٢٠٢١